Na kongera di destûrname di tay bedilîyayîşî virazîyay. Enê bedilîyayîşana ayê ki dîqatê kê kaşkerdênê, dî-rê(3) maddey bîy. Tira yewê azay komîtê kargerî a yewbîyayena cenîyan, ê didini yewbîyayena xortan. Delegê enê wirdî komelan, bîy delegey tabî'î kongera. Ê hîrin zî kongera Federasyona Komelandê Kurdan Swêd di, do di serran ra ray kongera xwi virazo. Labelê eno nabên di do konferansê virazîyo. Komîto karî ê kongera di xeynê çend tenan, bedilnayîş nêvirazîya. Hama hama însanê verênî hamey vijînayîş. Kongera gorebê îmkanandê xwi, semedê kar û xebata F.K.K.S di tay qerarî girotî ki jîni bîyaro ca.

www.arsivakurdi.org

## Baba Dûzgûnî

Vêrê deşnayde mekan gurêto
Namê Dûzgûn o, Dûzgûn baba o
Kêykê Efkar keno cira vineto
Namê Dûzgûn o, Dûzgûn baba o

No çar jêrde cêro vêbeno
Çiqas nalano na derdê mao
Vano Efkar mekê nao rusneno
Namê Dûzgûn o, Dûzgûn baba o, baba Dûzgûn o

**Arêker:**
**Hemedê Mamekiz**

## Mezela Seydê min

Ez şîno dîyarê mezela seydê xo
Çîçeg bîyê têra vano cenneto
Mi kela xo birna îra vinato
Seydê min nalano xorî bê xorî

Cêr hardo dewrês cor Osman o kewê
Çimonê ma nûkuno hewnê sewê
Tombir bicer bizênê dewê bi dewê
Efkar bi lawîko sonê kewê

**Hemedê: Mamekiz**

## Kocaw Welatê min

Kacay xort û xamay wende vanî
Kocay hucray û dîwanî

Kocay bax û bostanê min
Kocay dergeh û banê min

Kocay ray û yê çemî
Kocay yê merg û yenî

Kocaw seyrangeh û zozanê min
Kocaw welat Kurdistanê min

Ka birca belek û neqşîne
Ka sera û şaneşîne

Kocaw Amed paytextê min
Kocaw ew sîya bextê min

Kocaw ew roc û yê şewî
Kocaw sûk û yê dewî

Kocay hêzê pêşmerganêm
Parêzgerê Kurdistanêm

Kocaw Faîk ê Bûcaxî
Kocaw bulbulê qonaxî

Kocaw Elçî yo namedar
Sebê welatî bi kar û bar

Kocaw Mehemedo Qadî
Sebê welatî û azadî

Kocay Paşay û wezîrê min
Kocay welam û kizîrê min

Kocaw Rizay mino Seyîd
Kocaw Şêxê mino Seîd

Kocaw Berzanî yo namedar
Kocaw welatê min habawe

**ARYAN**



www.arsivakurdi.org

# LAMIS RESOR

## ئاژانسی هاتووچۆی لەمیس

به سەرپەرشتی بەشار عەباس:

چاکترین و هەرزانترین گەشتی پشووی هاوینە،
بۆ ئەستەمبوڵ - دیمشق - بەیروت - تاران،
جێبەجێ دەکا.

دەتوانین بلیت بۆ کوردستان و هەموو وڵاتانی
جیهان ئامادە بکەین و بە زووترین کات.

Tel. 040- 12 72 34/ 040- 23 32 38/ 040- 23 32 81
Fax. 040- 23 32 26
Bergsg. 26
214 20 Malmö- Sweden



# CHAM TOYRS

## ئاژانسی هاتووچۆی شام

Hantvekarg. 65, 112 31 Stockholm

هەرزانترین بلیتی فرۆکەتان بەدەستدەهێنێ بۆ:
ئامادەین چاکترین خزمەتان پێشکەش بکەین بە فرۆکەی KLM ی
هۆلەندی و تورکی و فلەندی.
دەتوانن پێوەندیمان پێ بکەن لە کات و ژمارەی تەلەفۆنی خوارەوە:

Estambol: 3000 kr. Enqere: 3100 kr.
Dyarbekir: 3600 kr.
Dimeşiq: 4400 kr. Taran:  6380 kr.

Bilêtên herî erzan yên Balefirê, ji we re amade dike.
Em amadene ku xizmetên herî baş, bi Balefira (KLM)a Holendî, Turkî, Fînlandî, Pêşkeşî we bikin.

Di wext û seetên jêrî, dikarin peywendî bi me re deynin.

Kl. $10^{00}$- $17^{00}$
Tel. 08- 651 08 02, 08- 651 08 03
Fax. 08- 650 15 13


## روونکردنەوەیەک

رۆژنامەی «القدس العربي» ژمارە «١٢.٥» ١ی ئەپریل/١٩٩٣ باسێکی لەسەر زاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، بڵاوکردبووەوە کەوا ئاگرێکی مەزن هەڵگیرسابوو لە زیندانی ناوەندی شاری حسەکە لە کوردستانی سوریا کە بووە هۆی شەهیدبوونی ٥٤ و برینداربوونی زیاتر لە ١٠٠ مرۆڤ.
رۆژنامەی ناوبراو راگەیاندبوو کە زیندانییەکان هەموویان کورد بوون و بە هۆی خۆپیشاندانێکی نارەزایی کە لە شاری (دەرباسیە)وە رووی دابوو، گیرابوون.
لێرەدا فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد رادەگەیەنێ کەوا بە هیچ شێوەیەک بە کاری ناردنی دەنگوباسی ئەو رووداوە بۆ رۆژنامەی ناوبراو هەڵنەستاوە و بە درۆی دەخاتەوە.
ئەوەی شایەنی باسە تا ئێستاش هیچ نووسراوەیەک یان بانگەوازێکی سیاسی لەلایەن پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی سوریا لەسەر ئەم رووداوەوە پێمان نەگەیشتووە بۆ ئەوەی بتوانین راوبۆچوونی خۆمان بە روونی رابگەیەنین.

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد
١٩٩٣/٤/٢.

## بۆ هەموو کۆمەڵە کوردییەکان لە سوید!

وێرای سلاوێکی دۆستانە!
دەمانەوێ لەمەولاوە هەواڵ و راپۆرتی چالاکی کۆمەلەکان لە بەربانگدا چاپ و بلاو بکەینەوە. بۆیە تکاتان لێدەکەین بەردەوام هەر چالاکی یاخود گرفت و گلەییەکتان هەبوو، بۆمانی بنێرن. تکاشتان لێدەکەین تا ئەو جێیەی بوتان دەلوێ، هەول بدەن وێرای نووسراوەکانتان وێنەی چالاکییەکانیشمان بۆ رەوانە کەن.
. هەروەها ئێمە بەرەوپیری هەموو جۆرە رەخنە و پێشنیارێکی ئێوە دەچین و پڕ بەدڵ خۆشحاڵ دەبین ئەگەر لەم بوارانەدا بە هاوبیری و هاوکاری یەکتری، گرفتەکانمان کەمتر کەینەوە.
بە سوپاسەوە

بەرپرسی پێوەندی ناخۆیی فیدراسیۆن
شەماڵ

www.arsivakurdi.org

# هەموو رۆژانی شەممە

## رادیۆی کوردی لە سەرتاسەری شاری ستۆکهۆڵم

لە نێوان کاتژمێری 11.00 تاکو 15.30

88,9 MHz - FM

TEL : 08/ 19 51 70

رادیۆی دەنگی کۆمەڵەی کوردی لە سپۆنگا
هەموو رۆژانی شەممە لە کاتژمێری 13.00 تاکو 15.30
لەسەر شەپۆلی 88,9 MHz ی FM

رادیۆی کۆچەر
(دەنگی یەکێتی سینەماکارانی کورد/سوێد)
هەموو رۆژانی شەممە
لە 12.00 تاکو 13.00
لە سەر شەپۆلی 88,9 MHz ی FM

رادیۆی لاوان
( دەنگی یەکێتی لاوانی کورد/سوێد )
هەموو رۆژانی شەممە
لە 11.00 تاکو 12.00
لە سەر شەپۆلی 88,9 MHz ی FM

# Hemû rojên Şemî

## *Radyoya Kurdî li seranserê bajêra Stockholmê*

**Radyoya**
**Dengê komela Kurdî li Spånga**
**Hemû rojên Şemî ji katjmêr 13.00 ta 15.30**
**li ser pêla 88.9 MHz *a* FM**

**Radyoya Koçer**
**(Dengê Yeketîya Sînemavanên Kurd/swêd)**
**Hemû rojên Şemî**
**ji Katjmêra 12.00 ta 13.00**
**Li ser pêla 88.9 MHz a FM**

**Radyoya Ciwanan**
**(Dengê Yeketîya Ciwanên kurd/Swêd)**
**Hemû rojên Şemî**
**ji Katjmêra 11.00 ta 12.00**
**Li ser pêla 88.9 MHz a FM**

www.arsivakurdi.org



# له یادی سەرۆکی نەمر بەرزانی..

کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسییە کوردستانییەکان، بە یادی چواردەمین ساڵرۆژی کۆچکردنی سەرۆکی نەمر بەرزانی، لە رۆژی ١٩٩٣/٣/١٧ لە Medborgarhuset ی شاری ستۆکهۆڵم دا، شەواهەنگێکیان سازکرد.
ئەوەی شایەنی باسە، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییانی کوردی نیشتەجێی سوێد ئامادەی شەواهەنگەکە بوون. لەم یادکردنەوەیەدا، زۆر رێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی، گۆتاریان بەو بۆنەیەوە خوێندەوە، هەروەها هونەرمەندان : ناسری رەزازی، جودی بۆتانی، چەند هونەرمەندێکی تر بەشداری ئەم بۆنەیەیان کرد و شەوەکە سەرکەوتووانە کۆتایی پێ هات.

---

# لە ستۆکهۆڵم.. ئاهەنگی نەورۆز دەگێردرێ

بۆ ئەوەی بوار بۆ هەموو کوردی سوێد بڕەخسێ، تاکو پێکەوە جەژنی نەورۆز بەسەرکەنەوە، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، لە رۆژی ١٩٩٣/٣/١.، لە هۆڵی Solnahallen ی شاری ستۆکهۆڵم، بە ئامادەبوونی زیاتر لە «٢...» هاووڵاتی کوردەوە، جەژنی نەورۆزی ئەمساڵیان پیرۆز کرد.

ئاهەنگەکە لە کاتژمێری 17.30 تا 01.30 ی نیوەشەو خایاند کە کۆمەڵێک لە هونەرمەند و تیپە هونەرییانەی تێدا بەشداربوون، لەوانە: *مستەفا دادار، جوان حاجۆ، سەعید یوسف، برادر، پرشنگ، تیپی شانۆی لاوان، تیپی ساماڵ، تیپی کیکی، تیپی زاگرۆس.*

هەروەها سێ ووتاریش خوێندرایەوە کە بریتی بوون لە: *ووتاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، ووتاری حکومەتی کوردستان، ووتاری کۆمیتەی سوێدییەکان بۆپاراستنی مافی مرۆڤایەتی کورد.*

ئەوەی شایەنی باسە، کۆمەڵەی کوردی لە سپۆنگا لە ئێوارەی رۆژی ١٩٩٣/٣/١٩ لە باخچەی Eggeby Gård دا، ئاگری نەورۆزیان هەڵکرد و ژمارەیەکی زۆری کوردی شاری ستۆکهۆڵم لەوێدا ئامادە بوون.

www.arsivakurd.org

# یادی هەڵەبجە لە ستۆکهۆڵم



لە رۆژی ١٧ی مانگی ئاداری ساڵی ٩٣، کاتژمێری شەشی پاش نیوەڕۆ، لە هۆڵی ( Medborgarhuset )ی شاری ستۆکهۆڵم دا لە لایەن چەند هاووڵاتییکی کوردەوە، شەوێکی شیعر و گۆرانی بەیادی شەهیدانی هەڵەبجەوە سازکرا.

شایەنی باسە، بەشدارانی ئەم شەوە بریتی بوون لە : تیپی مۆسیقای کوردستان، حسن لور، نور حەیات، فەرهاد جیهان م.، ئەنیس و نووسەری کورد عومەر شێخ مووس.



ئەم شەوە، بە داگیرساندنی مۆم و دەقیقەیێکی وەستان بۆ گیانی شەهیدانی هەڵەبجە و گشت شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان و، بەشداری ٨٥ هاووڵاتی کوردەوە دەستی پێکرد. پاشان مامۆستا عومەر شێخ مووس گۆتارێکی بەبۆنەی کارەساتەکەی هەڵەبجەوە پێشکەش کرد کە بەدوای ئەو دا شاعیری لاو نور حەیات، شیعرێکی بەزمانی سوێدی خوێندەوە. ئەمجا ریز هاتە سەر تیپی مۆسیقای کوردستان، کە ئەندامەکانی بریتین لە : (خالد رەشید، کاوە، عەدنان کەریم)، ئەمانیش بە چەند گۆرانییێکی و سرودێکی نیشتیمانییەوە بەشداری شەوەکەیان کرد و لە پاش ئەوانیش شاعیری لاو فەرهاد چەند پارچە شیعرێکی بە ناوی (هەڵەبجەی شەهید)، (بگری بۆ کوردستان، دایە!) بۆ میوانان خوێندەوە.



پاشان هونەرمەندی بریندار کاک (کاوە) سروودی:

«ئەگەر ووتیان هەواری کاروانی ئێوە، بۆچی دوورە
ئەگەر ووتیان داروبەردی وڵاتەکەی لەسەر ئێوە، بۆچی سورە
هەموو هاوارکەن بەجارێ بڵێن لەئاسمانی مەڵبەندەکەی لەسەر ئێمە
لە جێی باران خوێن ئەبارێ، خوێن ئەبارێ، خوێن ئەبارێ، خوێن ئەبارێ....» ی

پێشکەش کرد، هەروەها لەلایەن هونەرمەندی دەنگ بە سۆزی کوردەوە کاک (حەسەن لور) چەند شیعر و گۆرانییێکی نوێی بە یادی هەڵەبجەوە گوت و لە پاش ئەویش کیژێکی ئێرانی بەناوی (هەنیس)ەوە بە گۆرانییێکی فارسی بۆ هەڵەبجە بەشدار بوو.

ئەوەی شایەنی باس بێت، ئەم شەوە بە ئیمکاناتێکی زۆر کەمی هونەرمەنداندنەوە پێکهاتووە کە زۆر بە رێکوپێکی بەرێوەچوو و بە سروودی (ئەی رەقیب) کۆتای بە شەوەکە هێنرا.

# لە شاری ستۆکهۆڵم،
# سمینارێک لە سەر هەڵەبجە ئامادە دەکرێ



بۆ وەبیر هێنانەوەی کارەساتی کوشارە دڵتەزێنەکەی هەڵەبجە، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، سمینارێکی لە سەر ئەنجامەکانی ئەو کارەساتە ئامادە کرد. ئەم سمینارە لە ئێوارەی رۆژی ١٩٩٣/٣/٢٦، لە هۆڵی Medbora-rhuset ی شاری ستۆکهۆڵم دا بەسترا.

لە سمینارەکەدا ئەم بابەتانە پێشکەش کران :

– دەربارەی «کاریگەری هەڵەبجە لە باری تەندروستی و ئێکۆلۆژیک» ەوە : دکتۆر جەلادەت چەلیکەر، قسەی کرد.

– دەربارەی «کاریگەری هەڵەبجە لە بواری کۆمەلأیەتی و سیاسی لە سەر کۆمەڵگای کورد» دا : خەلیل سالح باسی لێ کرد.

– دەربارەی «کاریگەری هەڵەبجە لە سەر مەسەلەی کورد لە پلاتفۆرمی نێو نەتەوەیی» دا : بیریت ئێریکسۆن، بە ناوی پارتی چەپ و کۆمیتەی سوێدییان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤایەتی کوردان، لە کۆتایی دا قسەی کرد.

پاش ئەوەی کە بابەتەکان پێشکەش کران، سمینارەکە هاتە سەر بەشێکی تری کۆبونەوەکە، کە بریتی بوو لە وەلأم دانەوەی پرسیاری میوانان، کە ئەوەش لەلایەن بەرپرسیاری «ف.ک.ک.س»، و هەرسێ ئامادەکارانی سمینارەکەوە، وەلأم درایەوە.



شایەنی باسە کە کۆمیتەی سوێدییان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤایەتی کوردان، هەر بە بۆنەی کارەساتی هەڵەبجەوە، لە ئێوارەی رۆژی ١٩٩٣/٣/١٦، لە باخچەی Kungsträdgården دا، کۆبونەوەیکی ماتەمینی ساز دا. لەم کۆبوونەوەیەدا نزیکەی سەدوپەنجا کەس بەشدارییان تێداکرد وبەرپرسیاری بەشی شاری ستۆکهۆڵمی کۆمیتەکە «پیبا هۆیێباری-Pia Höjeberg» گۆتارێکی خوێندەوە، و ناسری رەزازی، بە چەند گۆرانییێکی خەمگینەوە بەشداری کۆبوونەوەکەی کرد ،هەروەها، لەبۆ بیرەوەری شەهیدانی هەڵەبجە مۆم داگیرسێنرا.

لەسەر ناوی کۆمیتەی کارگێری ف.ک.ک.س، چەند کەسێکیان ئامەدەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

www.arsivakurdi.org

سازدانی چەندین کۆڕی سیاسی و رۆشنبیری و زانستی و خەڵکێکی زۆریشی تێدا بەشداربوو کە جێی رەزامەندییان بوو. هەروەها بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورد و شارەکەمان دا «مناظرە» یکمان بۆ چەند بەرپرسێکی بەرزی ئەو حیزبانەی کە لە هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستان دا بەشدارببون،ساز کرد و خەڵکێکی زۆریش ئامادەی بوون. ئەمە جگە لە کردنەوەی چەند پێشەنگایێکی هونەری بۆ قوتابییانی هونەرمەند و هونەرمەندانی شارەکە. بەکورتی پەیمانگایەکە، بەو دەسەڵاتە کەمەیەوە توانیویەتی بەخشینێکی زیاتری هەبێت.

## وەڵامی مامۆستا محەمەد سەعید خورشید، مامۆستا لە بەشی تەندروستی کۆمەڵ، پسپۆر لەبواری پاراستنی ژینگە

**پرسیار:** خوێندکارانی پەیمانگا لە چ ئاستێکی زانستیدان؟

**وەڵام:** ئامانجی سەرەکی پەیمانگایەکەمان پێگەیاندنی کادێری ناوەندی و پیشەزانە کە بتوانێ هاوکاری و بەردەستی دەرچوانی زانکۆ بکات. ئێمە پتر پێ لەسەر راهێنان و شارەزاکردن دا دەگرین. دەرچووانی ئێمە لەساڵی« ١٩٨٨ » ەوە، جێ و رێی خۆیانیان لە نەخۆشخانەکاندا گرتووە و بەرپرسان و بەرێوەبەران لێیان رازین و ئەوانیش جێ دەستیان دیارە.

لە دەورانی بەعس دا، رەشبینی دەرونی خوێندکارانی تەنی بوو و بێ باوەڕ ببوون. بەڵام ئێمە تارادەیێکی بەرچاو توانیومانە گەشبینی لە دڵیاندا بچێنین و ووزە و توانا و چالاکییان پێ ببەخشین و وایان لێبکەین ئومێدیان بە پاشەرۆژ هەبێ و ئەم دیاردەیە دوای راپەرین بە تەواوەتی زەق بۆتەوە.

## وەڵامی مامۆستا رەفیق سالح ئەحمەد، مامۆستا لە بەشی کارگێری گەنجینە (ادارە المخازن)

**پرسیار:** بە بۆچوونی ئێوە، کوردی هەندەران دەتوانن چیتان بۆ بکەن؟

**وەڵام:** پێموایە کوردی هەندەران دەتوانن: یەکەم.. داوا لە رێکخراوە زانستی کولتورییەکان بکەن کە یارمەتی زانکۆ و پەیمانگایەکانی کوردستان بدەن، ئەویش بە پەرتوکی زانستی و ئامێری وەکو کۆمپیوتەر بۆ کۆلێج و بەشە زانستییەکان. ئێمە ساڵی خوێندنی ٩٣-١٩٩٤ نیازی کردنەوەی بەشی دەرمانسازی و ئەلەکتریکمان هەیە. کۆسپی گەورەشمان بۆ بەشی دەرمانسازی، نەبوونی تاقیگە و



داودەرمانی نۆشدارییە، لە کاتێکدا چەندەها پسپۆری کارامەی دەرمانسازیمان هەن لە شاری سلێمانیدا حاڵی حازر حەفتا پلەی بەتاڵ بەناوی یاریدەدەری دەرمانسازەوە هەن.

دووەم.. پەیوەندی کردن بە زانکۆکانی دەرەوە، و داوای «زەماڵە» کردن لێیان، بۆ ئەوەی خوێندکارانی کورد بتوانن خوێندنی باڵا تەواو بکەن

ئەم دەرفەتە لە دەورانی بەعسدا لە کورد داخرابوو بەتایبەتی بواری زۆر گرنگی وەک راگەیاندن و نەوت و سیاسەت و ...هتد.

## وەڵامی بەرێز ئەمینداری نامەخانەی پەیمانگا، کاک عومەر عوبێد عەبدولقادر ناسراو بە ئاری بیبان

**پرسیار:** تکایە شتێک لەبارەی نامەخانەی پەیمانگایەکەتانەوە باس بکە، چۆن بڵاوکراوەو پەرتوکتان چنگ دکەوێ؟

**وەلام:** نامەخانەکەمان بچوکە و ناتوانێ داخوازی « ٢٥.. » خوێندکار دابین بکات. دیارە نەبوونی بوودجەیێکی دیاری کراوی ساڵانە بۆ کتێب کرین دەورێکی بەرچای لەم بارەوە هەیە، جگە لە نەبوونی کتێبی زانستی لە بوارەکانی نۆشداری و کارگێری تەکنەلۆژی لە بازاردا، رژێمی بەعس دژی فیکر و زانست بوو و هەموو دەرگایێکی ئەم دوو مەیدانەی لێ داخستبووین و پێش راپەڕین هەر دەتگوت لە قەفەزی مەحکەمەداین. سەرباری کەمی پارەی تەرخانکراو، توانیومانە لە زانکۆ و دەزگا رۆشنبیرییەکان کتێب وەدەسخەین. ئێستا «...٤» کتێبی عەرەبی و «...٣» کتێبی ئینگلیزی و «..٢»

www.arsivakurdi.org



# پەیمانگای هونەری سلێمانی

شاری سلێمانی، هەرلە کۆنەوە مەڵبەندێکی دیاری کولتور و زانست بووە و هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە سەرچاوەیکی رونی زانست و قوتابیانی ناوچە دوورە دەستەکانیش بۆ خوێندن روویان تێ دەکرد. ئەمە جگە لەوەی کە هەر لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەشەوە خوێندن و کردنەوەی قوتابخانە بایەخێکی تایبەتی هەبووە، هەمیشە ژمارەی خوێندکارانی تێدا لە ناوچەکانی تر زیاتر بووە.

ئێستا پەیمانگای هونەری/سلێمانی بەرزترین دەزگای زانستییە لە شاری سلێمانی دا و دوای بڕیاری ٦١٩ ی ١٩٨٨/٦/٢٣ دامەزراوە.

ئەویش بە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانگای باڵای تەندروستی سلێمانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی، پاشان لکاندنی بە دەستەی پەیمانگا هونەرییەکانی سەر بە وەزارەتی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

سەرەتا لە یەکەم ساڵی خوێندنی ١٩٨٨-١٩٨٩، یەک بەشی نوشداری کرایەوە کە بەشی تەکنیکی تەندروستی بوو. ئەمجا ساڵی دواتر سێ بەشی تازە کرایەوە کە پەرسکاری(التمریض) و میکانیک و کارگێری گەنجینە بوون.

بڕیارە لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٢-١٩٩٣، دوو بەشی رووپێوی(مساحە) و ژمێریاری(محاسبە) بکرێنەوە.

ئامانجی پایمانگا، پێگەیاندنی شارەزایانی ناوەندییە لەو بەشانەدا کە تیایاندا بە پسپۆر دەبن. دەرچووی پەیمانگا پاش دوو ساڵ خوێندن بڕوانامەی دیپلۆمی هونەری لە پسپۆری خۆیدا دەدرێتێ.

## وەڵامی بەڕێز ڕاگر(عەمید)ی پەیمانگا مامۆستا مەحمود عەزیز فەقێ محەمەد

**پرسیار:** ئەو کێشانە چین کە رووبەرووتان دەبنەوە؟

**وەڵام:** ئەوەی راستی بێت کێشە زۆرن. ئەگەر گیانی لە خۆبردوویی مامۆستایان و مووچەخۆران نەبوایە، نەماندەتوانی ساڵی پار درێژە بە خوێندن بدەین، ئەویش لەبەر نەبوونی بوودجە و ئابلۆقەی ئابووری و ئیداری رژێم.

دەکرێت کێشەکانمان لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

١- کەمی مامۆستای پسپۆر لە هەندێک بابەتی نێو پەیمانگا دا، بە تایبەت نۆشداری و تەکنەلۆژی.

٢- وەرشە و تاقیگە و بەشە زانستییەکان پێویستییان بەکەرەستە و ئامراز هەیە، ئێستاکە لە بازاردا دەست ناکەون.

٣- بینای پەیمانگاکەمان بچوکە و بەشی ئەم ژمارە زۆرەی خوێندکارە ناکات.

٤- سیاسەتە گڵاوەکانی بەعس، کارێکیان کردبوو کە زانست هیچ بایەخێکی لە ناو کۆمەڵدا نەبێ و لەهەمان کاتدا کۆمەڵ ئاگای لە چالاکی زانستیی هەندەران نەبێت. ئەمە گەشەکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی یەکجار کزکردبوو. دیارە گۆڕینی ئەم هەڵ و مەرجە کارێکی ئاسان نییە.

**پرسیار:** بەرنامە و پلانی داهاتووتان چین؟

**وەڵام:** ئێستاکە مەسەلەی کردنەوەی بەشی دەرمانسازی (صیدلیە) و بەشی کارەبا خراوەتە بەر لێکۆڵینەوە و قسە لەسەرکردن، بەو هێوایەی لەساڵی داهاتوو دا بکرێنەوە. هەروەها پەرەپێدان و پێش خستنی بەشە زانستیەکانی تری پەیمانگاشمان بە دەستەوەیە.

## وەڵامی بەڕێز جێگری ڕاگر مامۆستا عەبدوللا کەریم ئەمین

**پرسیار:** پەیمانگایەکەتان وەک بەرزترین دەزگای زانستی لە شاری سلێمانی، چ دەورێکی زانستی و رۆشنبیری هەبووە؟

**وەڵام:** ئامانجی پەیمانگایەکەمان تەنیا پێگەیاندنی کادری مام ناوەدی، لەبواری کارگێڕی و نۆشداری و تەکنەلۆژی، نییە، بەڵکو هاندانی پسپۆران و شارەزایانیشە، بۆ پتر بایەخدان بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی و خزمەتکردنی کۆمەڵ لەم بارەیەوە.

نەبوونی ئازادی لە دەورانی بەعس دا، کۆسپی رێگەی چوونە نێو کۆمەڵمان بووە، بەڵام پاش ڕاپەڕین و لەم سەردەمە ئازادەدا کەوتینە

www.arsivakurdi.org

دونیایەیە کە هونەرمەند هەوڵی ساز کردنی دەدا و هێشتا سازی نەکردووە.

پرسیارێکی ترم هەیە. حەز دەکەم بەگشتی بێنە سەر ئەو باسە. ئەویش ئەوەیە کە پێت وایە زیندان، دواتر ژیانی سیاسی چ شتێکی لە تۆ سەندووە و چی پێ بەخشیوی؟

– من نازانم چی لێ سەندووم.(دیارە تەمەنێکی لێ سەندووم)...مرۆڤ ناتوانێ بڵێ چی لێ سەندووم /پێدەکەنێ/ چونکە نازانی ئەگەر لە دەرێ با چی دەکرد! ئەوە دەبێتە خۆش خەیاڵی کە بگوترێ ئەگەر نەچووبامە زیندان تا ئێستا (١٠) فلیمم ساز کردبوون. ئەوە شتێکی دیار نیە. بەڵام دەتوانم بڵێم، ئەزموونی چاکی پێ بەخشیم. دەتوانم بڵێم ئەزمونی چاکم لەم ژینە سیاسییە بەدەست هێناوە. ژێرخانی فیکر و دارشتنی من لەژیاندا هەمووی لەم ژیانەوە هاتووە. جا چ بە شێوەیکی پۆزەتیڤ بێ یا نێگەتیڤ. یانی تەبا لەگەڵ ڕەوتی سیاسی یان نا تەبا لەگەڵ ڕەوتی سیاسی، بەهەرحاڵ ئەوە فەلسەفەی منە کە ئەوەندەی لە ژیان فێربووم لە زانکۆ و مامۆستا و....لە شتەکانی ترەوە فێری نەبووم.

* باشە دیارە یەکێک لەو شتانەی من پێم وایە لە زینداندا مرۆڤ ئازار دەدا، تەنیاییە. جا کە تۆ ئەزموونێکی چاکت هەیە دەمەوێ بپرسم تەنیایی مرۆڤ لەدەرەوە لەگەڵ تەنیای مرۆڤ لە زینداندا، چ جیاوازیێکی هەیە؟

– تەنیایی لە زینداندا، تەنیاییێکی فیزیکییە، بەڵام تەنیایی لە دەرەوەدا تەنیاییێکی مەعنەوییە. مرۆڤ ئەگەر لە زیندان دا بیروباوەڕی خۆی لە دەست نەدابێ، پێم وایە لەوێدا هەر بەو زیندان کێشانە، یان بەو تەنیاییە، خەریکە کارێک دەکا و ڕازییە. کەوابوو تەنیاییەکە لەوێدا، شتێکی فیزیکییە. یانی بەتەنێ لە ژوورێک دایە بەڵام لە مێشکدا هەزاران کەسی تر هەن کە لەگەڵیاندا دەژێ. بەوەش دڵخۆشە کە بەو تەنیاییە خەریکی کارێکە، واتە خەبات بڕوای پێیە، بەڵام ئەگەر ڕوخابێ (کە بۆ من ئەمەیان نەهاتۆتە پێش) لەزینداندا تەنانەت چرکەکانیش دەژمێرن، کابرا ڕادەوەستا تەماشای کاتژمێرەکەی دەکرد ئەگەر پێنج دەقیقە تێدەپەڕی دەیگووت : ئێستا بۆتە پێنج دەقیقە، کەچی من دەبێ دە ساڵ لێرە بم! یانی واتێدەپەڕێ کەچی من وانەبووم. من دەمزانی زستان دێ، هاوین دەڕوا. ئا بەم چەشنە.

* دەتوانین بڵێین لە تەنیایی زینداندا مرۆڤ شەڕی لەگەڵ خۆی نییە، بەڵام لەدەرەوە هەمیشە دەستەو یەخەی خۆی دەبێ؟

– بەڵێ وایە، دەقاو دەق ئاوایە.

* دوای ئەزمونی زیندان وابزانم ماوەیەکی زۆر لە شاخ بویت؟ پێشمەرگە بوویت؟

– وایە!

* نەء، پرسیارەکەی من ئەوەیە کە ژیانی پێشمەرگایەتی چی پێ بەخشیوی؟

– ئەمە پرسیارێکی گشتییە.

* من لێرەدا وەک هونەرمەند، مەبەستمە.

– ئاوا وەک هونەرمەند، لە ژیانی پێشمەرگاتیدا خۆمم دیتەوە. هەستەکانی خۆمم دیتەوە. نەک هەستی سیاسی. باسی هەستی هونەری دەکەم. کاتێک تۆ لەگەڵ سروشت، لەگەڵ خەڵک، لەگەڵ دەوروبەرت، سەربەستی بۆئەوەی چۆن لەخۆتدا، هەست بکەی؟ بەشێوەیکی ڕەواڵەتی تێنەپەڕی، شتەکان بۆ تۆ سووژەی هونەری بن نەک بەس ئەو شتانەی لەدەوروبەرتدا هەن.

ئەو کات خۆ دەبینییەوە.من زۆر چاک خۆم بینییەوە. بۆ نموونە : ئێمە لەسەفەرێکدا دوو مانگ بەپێیان دەڕۆیشتین، بەبێ وچان، تەنها بۆ نوستن و خواردن دادەنیشتین. ئەویش لەڕۆژو شەوانی بەفرو سەرماو بەنێو کەمینی دوژمندا. لەو سەفەرەدا، من ڕەنگە بتوانم بڵێم بەقەدەر هەموو ساتەکانی ژیانم، شتم لە خۆدا بینییەوە. خۆشەویستییەکانی خۆمم ناسین

خاڵە بەهێزەکانی دەرونی خۆمم ناسین، دەتوانم بڵێم لەو سەفەرەدا بۆ من لوا کە بە هەموو شتەکانی خۆمدا بچمەوە.

بۆمن هەموو ژیانی شاخ بەم چەشنە بوو. هۆیەکەش ئەوە بوو کە من هەم ژینی ئاسایی پێشمەرگایەتیم دەبردە سەر (وەک ژیانی سیاسی) و هەم ژیانی هونەری. کامێرایەکم پێبوو دەمتوانی فیلم هەڵگرمەوە. بۆ ئەوەش کە بتوانم ئەو فلیمە هەڵگرمەوە، وەک ڕێبوارێک یانی توریستێک نەبووم کە هاتبێ بۆئەوەی کە دەزانێ لە کوردستان شەڕێک هەیە و چوار شت تۆمار بکاو بڕوا، دەبوا ئەو هەستانە لەخۆم دا بناسمەوە. تاکو بتوانم هەندێک لەو هەستانە بخەمە چوارچێوەی ئەو دیمەنانەی کە هەڵم دەبژاردن.

* باشە کامەیان تۆی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا؟ هەستە سیاسییەکە یان هونەرییەکە؟

– هونەرییەکە! یانی لەسەرەتا هەروا کە گوتم ڕەوتێک بوو کە منی بەرەو شاخ برد. باشە ئەوە هێرشی ڕژێم هاتۆتە سەر ناوچە و تۆش لەگەڵ خەڵکەکە وەدەر دەکەوی. بەڵام لەوێ کە دەستم بەکاری فیلم کرد، ئیتر ئەمەیان بۆمن گرینگتربوو، چونکە پێم وابوو ئەگەر خزمەتێک هەبێ کە من بتوانم بۆ ئەو بزوتنەوەیە بکەم، لەو ڕێیەوە چاکتر دەکرێ. تاکو وەک پێشمەرگەیەکی سادە، چەکێکم پێبێ. ئەوەیان هەموو کەس دەیتوانێ بیکا، یان وەک کادرێکی سیاسی کە دەچێ لە مزگەوتێک چوار قسان دەکا. ئەوە هەموو لاوێک دەیتوانێ بیکا. هەرکەسێ بیزانیبا چوارقسەی چاک بکا و هەروا کە دەیان کرد. بەڵام ئەوەی کە من هەمبوو کەسی تر نەیدەتوانی بیکا. بۆیە پێم وابوو وا ئێستاش هەر پێم وایە ئەو فیلمانەی کە لەوێ ساز کراون گەر بێنین بە چاوی سیاسیشەوە سەیریکەین یەکێکە لە خزمەتە چاکەکان کە دەمێنێتەوە.

www.arsivakurdi.org

هەینی بەهەینی پێنج قران دەدەن و دەچن فلیمێک دەبینن...لەوێش تا ماوەیێک هەر بەو شێوەیە تێمدەپروانی، وەک پیشەیەک بۆ کارکردن و نان پەیداکردن، نەک بۆ هونەر. بەلاّم ناوچەی زانستگا و تاران و دەوروبەری سیاسی ئەوکات وای دەکرد کە مرۆڤ بە دوای شتێکی جیددی تر لەوەی کە پێی دەلێن بژێو پەیداکردن، بکەوێ و کەرەسەێک بۆ دەربڕینی فیکر و دەرونی خۆی بدۆزێتەوە، کەرەسەێک پەیدابکا بۆ بەرهەلّست بوون لە ئاست ئەو شتەی کە ناچێتە ژێر باریەوە، یانی نەچونە ژێر باری ئەو نیزامە (جا نیزامی فیکری بێ، یان سیاسی، یان کۆمەلاّیەتی).

بەهەرحالّ بۆ من لەو سەردەمەدا، هونەر شتێکی بەردەست بوو (مەبەستم هونەری سینەمایە) کەواتە خەریکی فێربوونی ئەو هونەرە بووم. بەشێوەێکی جیدی. پێم وایە لەو رادەیەشدا کە دەکرا لەوێدا لێی فێربم، فێربووم. بەلاّم ژیانی سیاسی ئیتر دەرفەتی ئەوەی نەدا پەرەی پێبدەم. راوەستانی خستە نێوان. منیش هەولّم دا لە بوارەکانی تردا خۆم پەروەردەبکەم، وەک خوێندنەوە لەبوارەکانی تردا کە زەینم رونتر و تەیار تر بکەم تا بتوانم لە سینەماشدا کەلّکیان لێوەرگرم.

* بەلێ..ئاماژەی مەسەلەی سیاسەتت کرد کە گوایە بۆ تۆ بۆتە بەربەست کە نەختێ راوەستانی خستۆتە کارەکانتەوە. پێم خۆشە ئەومەسەلەیەم بۆ بکەیتەوە کەچۆن بوو؟

– وەللاّ... دەزانی لە سالّەکانی کۆتای ١٩٦٨ و سەرەتای حەفتاکاندا جولاّنەوەێک لە ئێراندا هەبوو، دەکرێ بگوترێ بزوتنەوەیەکی نوێ. کە بەگشتی خۆی لە خەباتی چەکدارانەدا نیشاندەدا. ئەوکاتەش دیارە هەندێک جار مرۆڤ هەر بە هەلّکەوت دەکەوێتە نێو رەوتی سیاسەتەوە، یان شتێکی تر. بۆ نموونە، تۆ چەند هەڤالێکت دەبوون کە ئەوانە لە سیاسەتیان دەکۆلّییەوە، تۆش لەگەلّ ئەوان تێدەکەوتی. جا ئەوان هەر رێڕەوێکیان هەبا تۆش ئەو رێڕەت دەگرتە بەر.

* بەبێ هەلّبژاردن؟

– بەلێ...بەلێ بەبێ هەلّبژاردن. چونکە کۆمەلّگا، کۆمەلّگایێکی سەربەست نەبوو کە تۆ هەموو شتێک بخوێنیتەوە و یەکێکیان هەلّبژێری. یانی چۆن هەلّکەوتبا ئاوا دەڕۆیشت. ئێمەیش هەر ئاوا بەدوای ئەو لایەنە فیکرییە کەوتین. دواییش گیراین تا سالّی ١٩٧٩ لە زیندان بووین.

* چەند سالّی کێشا؟

– شەش سالّ.

* ئێستا کە سەیری ئەوشەش سالّەی تەمەنت دەکەیت و ئەوەی کە لە زینداندا بردتەسەر و دواتر چەندین سالّی تر کە سیاسەت هەمووی لێ خواردی و تۆی لە کاری کردەوەیی هونەری دوورخستەوە، ئایا پەشیمان نیت؟

– هەرگیز!!.. پێمولیە دەبا ئەو رەوتە نەکرابا. پێتم گوت: مرۆڤ بەخۆی هەلّینەدەبژارد، کەهەلّینەبژاردووە و بەوجۆرە رۆیشتوە دەتوانێ بلّێ ئەوەی پێم باش بوو و پێم دەکرا، کردم. کەواتە پەشیمانی هیچ مانایێکی نیە! دیارە مرۆڤ دەتوانێ بلّێ لەو کاتەدا باشی بۆ نەچوویووم. بەلاّم ئەوە بەمانای پەشیمانی نیە.مانای ئەوەش نیە کە نەدەبوا کاری سیاسیم کردبا و بەدوای هونەر کەوتبام. پێمولیە لەسەردەمی ئێمەدا و بەگشتی لەو سەردەمەدا لە کۆمەلّگای ئێمەدا و کۆمەلّگاکانی وەک ئێمەدا، سیاسەت تۆ هەلّدەبژێرێ تۆش ناتوانیت خۆتی لێ دەرباز کەیت. کاتێ لەشارەکەی تۆ دا شەڕ دەستی پێ کردووە و بۆمبابارانە، تۆ بۆکوێ دەچی... کەواتە کاتێ هەلّبژێردرایت ئیتر دەبێ ئاوا کە بەباشی دەزانی بیکەی.دیارە لەوکاتەشدا تۆ خۆت نازانی هەلّبژێردراویت، پێتوایە تۆ خۆت هەلّبژاردووە. جا دواتر کە سەیری رابردوو دەکەی دەبینی ئەوە تۆ نەبووی کە بڕیارت دەدا، بەلّکو رەوتێک بوو و تۆی بەدوای خۆی دا دەبرد.

ئێستاش هەروایە! ئێستاس مرۆڤ پێی وایە هەلّیدەبژێرێ، کە دوای دە سالّی تر سەیری ئەمڕۆ دەکەی، دەبینی وانەبوو، تۆ وەک مرۆڤێک هاتویتە ئەم ولاّتە. نە لە زمانەکەی دەزانی و نە لە فەرهەنگەکەی شارەزای و نە کۆمەلّ و خەلّک و فەرهەنگی خۆتت لە بەردەستە کە بتوانی شتیان لێ وەرگری و قسەیان لەگەلّ بکەی، جا ئەو شتەی ئێستا بۆت دێتەپێش و دوای چەند سالێ لێی دەڕوانی، دەبینی چاری دیکەت نەبووە. هەر ئازادی هەلّبژاردنت نەبووە، هەرئەوەندەی لەدەستت هاتووە ئەنجام داوە. من پێمولیە مرۆڤی ئێمە، یانی ئەو مرۆڤەی کە پێیدەگوترێ مرۆڤی شەرقی، هەرگیز ئەو هەلەی نادرێتێ کە هەلّبژێرێ (مەگەر بەدەگمەن) جا کە هەلّبژاردراش باشتر وایە ئەوەی کە پێی چاکترە و هەرهیچ نەبێ کەمێ مەیلی خۆشی لەگەلّدا بێت، بیکا.

* باشە، هونەر هەلّبژاردنە یان رێکەوتە؟ یانی مرۆڤ هەلّی دەبژێرێ یا بە رێکەوت تووشی دەبێ؟

– وەللاّ هونەرەکەش وەک هەموو شتەکانی تر بەڕێکەوت و توشی رەوت بوونە.(مەگەر بەدەگمەن بێ) جا لەو هونەرەدا تۆ چی دەلّێی و چی دەکەی ئەوەیان شتێکی ترە.ئەگەر ناتوانی لەهونەرێکدا ئەو شتەی کە مەبەستتە دەری ببڕی، نابێ دەستی بۆ ببەی، ئەوەش هەیە! هونەر شتێک نیە کە بەزۆر بە مرۆڤی بکەن. مرۆڤ خۆی دەیکا. دەتوانم بلّێم ئەگەر دەتوانی کاری هونەری نەکەی، مەیکە! من پێمولیە شتێک هەیە کە هونەرمەند ئازار دەدا، کە ئەو ئازارە دەبێتە هۆی داهێنەری. یانی هونەرمەند هەمیشە پێیوایە کە ئارامی لێ براوە و دەبێ کارێک بکا کە نەیکردووە. دەسبەرداری هەموو شتێ دەبێ تا کارەکەی بکا. جا ئەگەر هونەرمەندێک هەبێ و خۆی پێ رابگیری و بتوانی کار نەکا، بانەیکا!! چونکە ئەگەر وای لێهات، ئیتر دەبێتە فەرمایش و بەرژەوەندی و زەروورەت و شتی تر... کە باسی لێکراوە و نامەوێ دووپاتی بکەمەوە.

* بەلێ..گوایە (فروغی فروخزاد)یش گوتوویەتی: هونەر ئەو



www.arsivakurdi.org



بەشی یەکەم

# گــەلـە گــورگ

## ئەو فلیمەی کە گورگ خواردی

### چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (تەیفور)، دەرهێنەری فلیمی (گەلەگورگ)

چاوپێکەوتن و ئامادەکردنی: باوکی نازلی

-گەلەگورگ-یەکێکە لەچیرۆکە بەناوبانگ و سەرکەوتووەکانی (حوسێن عارف)ی چیرۆکنوسمان. نزیکەی سێ ساڵ لەمەو بەر لەسەر بنەمای ئەم چیرۆکە و هەر بەو ناوەوە فلیمێک لەدەرەوەی وڵات ساز کرا و لەهەندێک شوێنیش نیشان دراوە.

دیارە لەهەندێک بڵاو کراوە و شوێندا، قسەشی لەسەر کراوە. چاک و خراپ. چەند خاوەنیشی لێ پەیدا بووە و...

بۆیە بەپێویستمان زانی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کاک (تەیفور)دا بکەین و گوێ لە حەسرەتەکانی راگرین.

بەڵام بەراست چ کەسێک خەریکە شاعیر و هونەرمەندی دەروونمان دەکوژێ ؟

* کاک تەیفور! بەر لە هەموو شتێک با پرسێکت لێبکەم: تەمەنت چەند ساڵە؟

– چل و پێنج ساڵ.

* حەز دەکەی چەند ساڵی تر بژیت؟

– بیرم لێ نەکردۆتەوە.

* ئێستا ئەگەر بیری لێ بکەیتەوە؟

– پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چۆن بژیم. ناتوانم ئێستا ئەوەی بڵێم. ئەگەر هەر ئاوا بڕوا پیاو هەر هیچ نەژی باشترە. بەڵام ئەگەر بتوانێ کارێ بکا لەوە چاتر، واتە کارێکی لەبار، هەتا بتوانێ کار بکا و بژێ هەر باشە.

* مەبەستت ئەوەیە کە (چۆن بژی شەرتە، نەوەک چەند بژی) ؟

– بەڵێ.کتومت.

* باشە تۆ نسبەت بە ژیان، خۆشبینی یاخود بەدبینی؟

– من نە خۆشبینم و نە بەدبینم. پێم وایە خۆشبیبی و بەدبینی شتێکی نیسبییە، دەبێ بابەتێکی دیاری کراو هەبێ کە مرۆڤ لە ئاستیدا راوەستێ و لە خۆی بپرسێ نسبەت بەم شتە خۆشبینم یان بەدبینم. چونکە ژیان هەریەک لایەنی نیە کەمرۆڤ دایبنێ و بڵێ بەشێوەیکی گشتی من لەئاست ئەم ژیانەدا خۆشبینم یان بەدبینم، گوایە لە رابردوودا ئەم کێشەیەی خۆشبینی و بەدبینی لێکدانەوەیکی گەلێک سادەی هەبووە و گوتوویانە، خۆشبین ئەو کەسەیە کە دەڵێ ئەم پیاڵەیە نیوەی پڕە و بەدبینەکەیش دەڵێ نەخێر نیوەی بەتاڵە! کەواتە دەبینین شتەکە نیسبییە!

* بەڵێ. دیارە کە من لەوشتانە دەکۆڵمەوە، زیاتر لایەنی هونەری ژیانم بەلاوە گرنگە. کەواتە پرسیارەکەم بەشێوەیکی تر دێنمە گۆڕێ. بۆچونی تۆ لەهونەردا چەند خۆشبینانەیە و چەندی بەدبینانەیە؟

– من هەوڵ دەدەم لە بواری هونەردا، واقیعبینبم. جا نازانم چەند لەم واقیعبینییەدا سەرکەوتوم. یانی کاتێ لەژیاندا بەرەو رووی شتێکی خراپ دەبینەوە، ئەوە بە بەدبینییەوە سەیری دەکەین و دەیخەینە بەرچاو. بەپێچەوانەکەشی هەر وایە. دیارە پەیوەندی بەکارەکانەوە هەیە. بۆ نموونە من لە هەندێک لەکارەکانمدا خۆشبینم و لە هەندێکیاندا، نا! دەتوانم بڵێم لە (نان و ئازادی) دا من خۆشبینم. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ناوەڕۆکی کارەکە، نەک فەلسەفەی خۆم. پێم وایە ئەم کارە دەبا کۆتاییێکی خۆشبینانەی هەبا. بەڵام لە (گەلەگورگ)دا، وانییە. کۆتاییێکی بەدبینانەی هەیە. چونکە خودی قەوارەی کارەکە ئەم حاڵەتە دەخوازێ. بۆیە دەڵێم دەبێ بابەتێکی تایبەتی هەبێت تا مرۆڤ لە ئاستیدا بڵێت بەدبینم یاخود خۆشبین.

* باشە با هێندی هێندی دەروازەیێک بۆ چونە ناو باسەکەمان، بکەینەوە.

دەمەوێ بزانم تۆ لە چ سەردەمێکەوە دەستت بەکاری جیددی کردووە؟ بەتایبەت مەبەستم سینەمایە.

– دیارە من لە بیست ساڵییەوە دەستم پێکردووە. وەک هەموکەسێکی تر کە بەدوای بژێوی خۆی دەگەڕێ و دەخوێنێ، منیش دوای خوێندن کەوتم و خۆم گەیاندە پلەی زانستگا، کەچومە زانستگاش بەهەڵکەوت لە بەشی سینەمادا وەرگیرام. بەر لەو کاتە هیچم لەو هونەرە نەدەزانی. وەک هەموو بینەرێکی تری سادە بووم کە



www.arsivakurdi.org

## کورتە سیناریۆیکی بێدەنگ

# دادگـــا

دانا رەئوف



*شانۆ، نیمچە روناکبوونەوەیک روناک دەبێتەوە../موزیک/،، لەگەڵ مۆسیقایەکە هەناسەیکی قوڵی مرۆڤێک، پانتایی شانۆ دەگرێتەوە.. شانۆ زیاتر روناک دەبێتەوە.. چرکە چرکی کاتژمێر لەگەڵ دەنگی شەمەندەفەرێک هێدی هێدی بەرز دەبێتەوە.. دەنگی هەناسە خنکێنراوەکە سەرلەنوێ لەگەڵ مۆسیقا بەرزدەبێتەوە.*

*سەر تەختەی شانۆ بەتەواوی روناک دەبێتەوە، هۆڵێکی دادگا دەردەکەوێت.. لە قوڵایی ناوەراستی پانتایی شانۆکەداو، لەسەر شوێنێکی بەرز جێگای دادپەروەر ئامادەکراوە..لەلایکی دیکەشەوە قەفەزی تاوانبار دانراوە، لاوێکی بەجل و بەرگی سەربازییەوە، تێدا توند کراوە.. لاوەکە وەک درەختێکی بێ گیان، بەبێ جوڵە وەستاوە..*

**دادپەروەر:** دادپەروەر بە دەموچاوێکی پڕ لە زەردەخەنەوە، دێتە ژوورەوە، بیر بڵاو دیارە..کابرایکی کورتەباڵای بەدواوەیە..کورتە باڵاکە فایلێکی گەورەی بە دەستەوەیە.. فایلەکە لە باڵای خۆی گەورەترە.. دادپەروەر بەرەو مێز و جێگا دیاری کراوەکەی خۆی دەچێت و دەستی دەخاتە سەر، روودەکاتە بینەران: (بەیانیتان باش، ئەمە جێگای منە.. وانیە!)

روودەکاتە کورتەباڵاکەی تەنیشتی، ئەویش بەسەر وەڵامی دەداتەوە.. دادپەروەر سەیرێکی ئەملاو ئەولا دەکات و دەداتە قاقای پێکەنین. کورتەباڵاکە لەناو فایلە گەورەکەدا فایلێکی بچوک دەردەهێنێت و دەیخاتە سەر مێزەکەی دادپەروەر..دادپەروەر فایلەکە دەکاتەوە و بە خێرایی چاوێکی پیائەخشێنێ..زۆر بێ باکانە فایلەکە فڕێدەداتە سەر مێزەکە.. دەڕوانێتە بنمیچەکە.. دوور دەڕوات، خەیاڵ دەیباتەوە..هیچ وشەیک نابیسترێت.

(دەنگ و چرکە چرکی کاتژمێر بەرز دەبێتەوە)

**تاوانبار:** تاوانبار قسە دەکات، بەڵام وشەکانی نابیسترێت.. لە تەقەلایکی بەردەوام دایە، گەرەکیەتی تاوانەکەی خۆی بۆ دادپەروەرە نا ئەساییەکە روون بکاتەوە و داکۆکی لە خۆی بکات، بەڵام دەنگی ناگاتە دادپەروەر.. هیچ نابیسترێت.

**دادپەروەر:** پشتی لە تاوانبارەکەیە.

**تاوانبار:** ماندووە.. وەک سەرەتای دیمەنەکە.. بەبێ گیان وەستاوە.. دەڕوانێتە دادپەروەر.

**دادپەروەر:** وەک ئەوەی لە خەونێکی قوڵ وەئاگادەبێتەوە، رادەپەڕێت.. هەڵدەسێتە سەر پێ.. فایلەکە دەداتە دەست کورتە باڵاکە و بەبێ ئەوەی کە بڕوانێتە تاوانبارەکە دەڕواتە دەرەوە.. لەپڕ وەک ئەوەی شتێکی لە یادچووبێ، دێتەوە ژوورەوە، بەرامبەر (بینەران) رادەوەستێت، قا..قا..پێدەکەنێت..قاقاکەی بە شێوەیکی نا ئاسایی و شێت بگیرانە، بەرز دەبێتەوە، لەپڕ بێ دەنگ دەبێت، شێوەی دەموو چاوی دەگۆڕدرێت. هیوادارم بێزارم نەکردبن) زۆر بە خێرایی دەڕواتە دەرەوە.

**کورتەباڵا:** فایلە گەورەکەی بەبن باڵەوەیە، بە خێرایی بە دوای دادپەروەرەکەیەوە رادەکاتە دەرەوە..فایلی تاوانبارەکەی لێدەکەوێتە خوارەوە.

**تاوانبار:** دەڕوانێتە شوێنی دادپەروەرەکە، دەیەوێت بدوێت (ئا..م..ک..ک..)، بەڵام هیچ لە وشەکانی نابیسترێت.

*(هێدی هێدی شوێنی دادپەروەرەکە تاریک دەبێت..لەگەڵ تاریک بوونی شوێنی دادپەروەرەکەدا، دەنگی (سەگ وەڕ)ێکی زۆر بەرز دەبێتەوە، تا بەتەواوەتی جێگای دادپەروەرەکە دیار نامێنێ.. چەپکە تیشکێکی سوور لە سەر قەفەزی تاوانبارەکەیە.. دەدوێت، بەڵام هیچ لە وشەکانی نابیسترێن، وەک لاڵ وەهایە، وورده وورده ماندوو دەبێت و لەناو قەفەزەکەدا دەکەوێتە سەر چۆک).*

**کورتەباڵا:** لەپشتەوە، بەبەرگی لیبوک ئاسا وە، وەک دڕندە دێتە ناو قەفەزەکەوە و دەست دەنێتە بن باڵی تاوانبارەکەو بەرزی دەکاتەوە. لە روانگەی هەندێ جووڵەی تایبەتییەوە گوزارشت لە پارچە پارچەکردنی جەستەی تاوانبارەکە دەکات.

(تاوانبار..تاوانبار..تاوانبار؟!)

**تاوانبار:** دەکەوێتە سەر چۆک، کورتەباڵاکە پەتێک دەکاتە ملی و دەبێتە سێرکەوان و گەمەی پێ دەکات.. تاوانبارەکە دەبێتە سەگێک و کورتەباڵاکە لە قەفەزی تاوانباری دا رای دەکێشێت.

**تاوانبار:** لەناو کەرنەڤاڵێکی رەنگاو رەنگدا.. تەقەلای بەرز بوونەوەیەتی.. هەوڵ دەدا قسەبکات (ب.....ب..ژ..ی..د..ا..د..پ..ە..ر..و..ە..ر..ر..ر..ر..)زمانی دوای تەقەلایکی زۆر دەکرێتەوە، هاوار دەکات.

(بژی دادپەروەری.. وەری ..وەری)

موزیک

تاریکی.

www.arsivakurdi.org

تاک دادەنێت، ئەقڵێک لە شێوەی یاسا ترس و تارمایی نەرەوێنێتەوە، دیموکراسی لە پەیوەندییەکاندا نەبینێت،کۆمەڵگەیێکی نەخوشی لێ دەردەچێت.

ئێمە، نامانەوێ ژن هانبدەین کە بەشێوەیێکی سەرچلانە بجولێتەوە، لاسایی پیاو بکاتەوە، بچێتە چایخانەیان لاسایی ژنی ئەورپی بکاتەوە، هەڵبەت ئەم جۆرە هاندانانە زیاتر خۆبزرکردنی لە پاڵ دایە. ئەوەی بەلامانەوە لۆژیکی ماقوڵە ئەوەیە، ژن خۆی بێت پیاوەکان پلان و دەستوریان بۆ دانەنێن، دەسەلاتی یاسایی و بەشداریکردنی دیموکراسییانەی هەبێت. ئەگەر ژن حسێبی وەهای لەگەڵدا بکرێ،گۆڕان و پێشکەوتنەکانی تریش بۆخۆیان دێن و دروست دەبن. ئەگەر ژن بتوانێت خوی بێت، لەبەرامبەر پیاو لەهەمان ئاستی کۆمەلایەتی و بوون دا بێت، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین نیوەی کۆمەڵە. ئەو کاتەیش ئەتوانین بڵێین عەدالەت و دیموکراسی لەو پەیوەندییانەدا هەیە. هەروەکو چۆن ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە زیندووەکانی دونیادا، ئەم لۆژیکە بۆتە دەلالەتی بەڵگە نەویست.

پەیوەندی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی کورد لەسەر چەند تەلەسمێک پڕ لە ئەفسون و درۆ و کەبتی سێکسی و خۆ خواردنەوەی دەرونی و دوری لە یەکتری، واتە بوونی بوارێک لەنێوان چەمکی ژن و پیاو وەک دوو بوونەوەری کۆمەلایەتی، وەستاوە.

پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی کوردا قفڵێکە بە کلیلی MASCUL، کلیل دراوە دەبێ کلیلی تری مێ- FEMI-NINE ی بۆ بدۆزرێتەوە. تا پارسەنگی شارستانی دروست بێت. پەیوەندییەکان هاوسەنگ بن. باوەڕکردن بەیەکتری سەرهەڵدا. درۆ و تراویلکەکان بڕەونەوە.

لەکۆمەڵگەی ئێمە کە ژن و پیاو بە دەستوری سروشت و ئەقڵ و راستییەکان لێک نزیک دەبنەوە. کارەسات روو دەدات و بۆمبەکان دەتەقن و پەیوەندییەکان ئەوەندەی تر ئاڵۆز تر و پیس تر دەبن، ئاو و هەوایکی تۆقێنەر دروست دەبێت، لێرەیش کڵێشە ئەخلاقییەکان خۆیان رەپێش دەخەن، دەبێ ئابڕو بپارێزرێت ئەگینا ژنەکان بە سۆزانی و لەقەڵەم دەدرێن، پیاوەکانیش ژنانی و چاو بگێڕ و چاوچنۆک.

بێگومان ئاو و هەوایکی ئاوها پاککردنەوەی دەوێ، پەردەپیسەکان ئەبێ لاببرێن. ئەم کارەیش هەڵبەت کۆمەڵگە لە توانایدا نیە، بەڵکو کاری روناک بیرە. هەر ئەو مرۆڤە دەتوانێ کە ئەودیوی پەیوەندییکان بخوێنێتەوە. تەنها روناکبیر ئەتوانێ تەلەسمەکان بتەقێنێتەوە، بۆمبەکان پوچەڵ بکاتەوە. ئەمەش پیرۆزترین کارە لەپێناوی عەدالەت و دیموکراسییەت لە نێوان ژن و پیاودا.

هەر کۆمەڵێک ژن تێیدا چەوساوە بێت، دواکەوتووترین کۆمەڵە، رەزیلترین کۆمەڵە هەڵبەت مەبەستمان لەمەدا ئەوە ژن کەمتر نەبێت لە پیاو، خۆی بێت و بڵێ هەم، نەک پیاوەکان، مێردەکان، برایەکان،شوبرایەکان دەست هەڵبڕن، ژنەکان وەک نوێنەری ئابڕووی خۆیان و کۆمەڵەکەیان رەپێش خەن. ژن ئەگەر خۆی بێت ئەخلاقیش هی خۆیەتی، بەلام ئەگەر بوونی لەدەست خۆی نەبێت ئابڕوشی بەدەس ئەو لایەنە دەروات کە پیاوەو دەسەمۆی کردووە.

ئەمڕۆ ژنی کورد لە کۆمەڵگەی کورد دا پاشکۆی پیاوە. ژن لە سەدا بیستی گەردوون داگیر دەکات، کە دیارە پیاو لەسەدا هەشتایە. ئەم ناپارسەنگییەش هەموو بەهانەیێکی ئاینی و کۆمەڵگەیی و دەوڵەتی لەپشتە و دەپارێزرێ و پارێزراوە.

ئەم پاشکۆیەتییەی ژن بۆ پیاو، دەکرێ وردتر لێکبدرێتەوە: ئەگەر بیر لە ئەو ستاتو کۆمەلایەتیەی ئەمڕۆی ژنی کورد بکەینەوە، واتە بەو شێوەیەی کە هەیە و لە ئارادایە لەگەڵ پیاو دەبینین: ژن هەر لەمنداڵ دروست کردن هەتا دەگاتە بچوکترین شت کە پەیوەندی بە حەسانەوەی پیاوەوە هەبێت، دەیکات. کەچی لە دەرەوە بوونی نیە. واتە بەچەشنێک لە چەشنەکان لە زیندانێکی کراوەدا دەژێت. ئەمەش واتە ئازارو ئەشکەنجە، واتە تەسک بوونەوەی ئەو بوارەی ژن تێیدا دەژێت، کە دەکاتە ماڵ و چوار دیوار. چەند ماڵ و بواری ژیاری بچوکبێتەوە،ئەمەندەش بوار و فەزای ناو مێشک بچوکتر دەبێتەوە. لێرەش مێشک کاری خۆی ناکات. ئەقڵ و تێبینی و تێڕوانین لاواز دەبێت و ئەو مرۆڤە ناتوانێ خۆی وەبەر بهێنێ. ئەمەش واتە خۆنەناسین و تێنەگەیشتن لە واقیع و دەوروبەر. لێک نەکردنەوەی دەوروبەر و شتەکان لەوسەریش مانەوە بە دەستەمۆیی. ئەمەیە ئەو بوار و فەزا و چوارچێوە کە بیری پیاو، شێوەی ژیانی پیاو و کومەڵی نێرانەی رۆژهەلات بۆ نیوەی کۆمەڵی خۆی کە ژنە داتاشیوە. کە دەکاتە تەنیابوون بەشێوەیێکی فیزیکی. بە پێچەوانەی ژن، پیاو لە دەرەوە، لە بوار و فەزایێکی بەرینتر دەژی. بەو مانایەی تەنیا خۆی سەرداری ماڵە و سەرداری دەرەوەشە. بەلام ئەویش بەهەمان شێوەی ئافرەت، دەستەمۆیە و دەستەمۆی هەندێ گرێ و نەریتی بیری نێرە. پیاو لەدەرەوە زیندانییە، چونکە خۆی ناناسێ، هەرکەسێک خۆی نەناسێ

چەوساوەی دەستی یەکێکی تری لێ دەوەشێتەوە..چونکە ژنەکەی لە پاڵ نیە، چونکە وێنەی ژن لە ناو مێشکیدا سەراو بنە، گوایە مرۆڤێکی لاوازە. هەر لەبەر ئەمەشە لە بیری نێروسیستەمی باوک سالاری ژن بە (زەعیفە) ناسراوە.

شێوەی ژیانی کۆمەڵگەکانی رۆژ هەلات، کە کوردیش دەگرێتەوە.ناتوانێ روبەروی راستییەکان بێتەوە کە بە تەلیسم و درۆ داپۆشراون، یاخود ئەو کۆمەڵگەیەراستییەکان بە تونکلێکی تاڵ دەشارێتەوە.

بێگومان سیستەمی سیاسیش تا ئەو رادەیەی لەخزمەتی ئەو کۆمەڵگەیە دایە کاریگەرییێکی زۆری هەیە لە راستکردنەوەی ژیان و پوچەڵکردنەوەی درۆیەکان و بەرەو پێشەوەچون.

پاریس ١٩٩١

www.arsivakurdi.org

# ستاتوی ئەمرۆی ژنی کورد

موحسین ئەحمەد عومەر

دەربارەی پەیوەندییەکانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات، کە کۆمەڵگەی کوردیش دەکرێتەوە هەڵبەتە هاوکێشەیێکی قوڵ و ئاڵۆزی هەیە. پرسیارەکان گەلێک ئاو هەڵدەگرن. پەیوەندی ژن و پیاو و لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەیان، خۆی لەخۆیدا پەنجەدانانە لەسەر کێشەو مەسەلەی گرینگ کە بڕبڕە پشتی کۆمەڵگەی کوردەواری پێکدەهێنن.روونکردنەوەی ئەو پەیوەندییانە لە راستییە جەوهەرییەکانمان نزیک دەکەونەوە کە لەژێر ئەفسون و نەریتی نێگەتیڤی ریشاژۆ بەناو مێژووی کۆمەلانی‌رۆژهەلات دا شاردراونەتەوە.

راستییەکان بەبیری ئاینی، وەک: ئایدیۆلۆژیایێک لەدەست دەسەلاتدارەکان، بە سیستەم و نەریتی پاتریارکی (باوک سالاری)، چەواشەکراون. پەیوەندی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەیێکی ئاوها دا، وەک: جیهانێکی راستەقینە بە توێکڵی تاڵ داپۆشراون. بۆیە بە هیچ شێوەیێک قووت نادرێن و هەمیشە بوارێکی لە ترس و دەسەلاتی نێگەتیڤ و چەپاندنی (کبت) سێکس و ژیاری دەمێنێتەوە. بەلام هەتا گۆڕان و پراتێک، شێوە و رێڕەوێک بن بۆ بەشداریکردن لەم جیهانە، هەردەم راستییەکان دێنەوە ناو پەیوەندییەکان و سەرکەوتنیش هەر بۆ ئەوانە. شتە شیرین و پۆزەتیڤەکان دەبنە رابەر و زوتر خۆیان رەپێش دەخەن.

سەرەتا، پەردە لە سەر ئەو پەیوەندییانە ی نێوان ژن و پیاوی کورد هەڵدەماڵین. کە دیارە ئەم خاڵەش لە بەر گرینگی تەواوی شێوەی ژیان و سیستەمی کۆمەلایەتی و گەلێک لایەنی تر دەگرنەوە. لێکۆڵینەوەی لەم جۆرەیش، دەربارەی ئەم چەشنە بابەتانەیش خوێندنەوەیێکی سوسیۆلۆژی و سایکۆ- رۆشنبیری دەوێ. لە هەمان کاتیش دا جۆرە تنێک-DISCOURS ، تایبەتی پێویستە کە تەنیا لە ئاستی گیرو گرفتە سادەکان نەوەستێ بەڵکو قوڵ بێتەوە و جەوهەری گرفتەکانمان بۆ یەکالا بکاتەوە و پێی بگەینە مەسەلە هەرە گرینگەکان. بۆیە: کە دەڵێین ژن نیوەی کومەڵە، واتە لە کۆمەڵگەی کورد، رەنگە ئەم قسەیە لەلایەن خوێندەواران و روناکبیران و بگرە رەش و روتیش برابێتەوە و دەمەقالێ لەسەر نەبێت. بەلام کە لەشێوەی پەیوەندی نێوان ژن و پیاوی کورد ووردەبینەوە، یاخود لە ستاتوی ئەمرۆ ژنی کورد دەڕوانین، ئەم قسەیەی سەرەوەی پێ هەڵدەسەنگێنین، مەسەلەی ژن نیوەی کۆمەڵن، لە درۆیێکی جوانی هەڵبەستراو زیاتر نیە (هەڵبەت من باسی کۆمەڵگەی کورد دەکەم) کە بە گەلێک یاسای پیاوانە و دەستوری ریشاژۆ هەڵواسراوە و پشت قایمە.

ئێمە دەمانەوێ لە پراتیکەوە بۆ پەیوەندی و بیرەکان بچین. لێرەش هەموو راستییەکانی کۆمەڵگایەکانی رۆژهەلات تاڵن، ئەبێ سەرەتا کەمێک هەڵوەستەیێک لەپشتی بکەی تا تێیدەگەی.

لە کومەڵگەی کورد دا ژن نیوەی کۆمەڵ نیە!... بۆچی؟

چونکە، عەدالەت و دیموکراسی لە پەیوەندی ژن و پیاو و پەیوەندییە شارستانییەکەن دا نیە. عەدالەت و دیموکراسی دروست کردنیش باجی مەرگی دەوێ، چونکە دیوارەکان ئەستورن، درۆ و تراوێلکەکان قوڵ و گەورەن. کەس ئامادە نیە باج بدات، کەس ئامادە نیە دیوارەکان لابدات، بۆیە پەیوەندییەکان درێژە دەکێشن هەڵبەت بەو شێوە نێگەتیڤەی کە هەن. لە کۆمەڵی ئێمە دا عەدالەت لە بچوکترین شت کە ژن و پیاو کۆدەکاتەوە، نیە. عەدالەت لە پیاسەیێکی سەر جادە، دانیشتنێکی چایخانە نین. (پیاوەکان ئێواران دەردەچن، پیاسە دەکەن، دەچنە چایخانەکان، سمێڵیان لەباو دەکەن. شەویش دەبێ لە رۆوی غەریزەوە تێریان بکەن، بەیانیش، رۆژێکی تری داخراوە و هیچ گۆرانێک لە ئارادا نیە.).

کۆمەڵگەی کوردەواریش وەکو هەموو کۆمەڵگەکانی تری رۆژهەلات. هەموو شتێک لە نێوان پیاوەکان دا مۆنۆپۆل کراوە.دیسان هەر لە دەس درێژ کردنێک، هەتا دانیشتنێکی چایخانەیێکیش، هەردەم پەیوەندییەکە یەک لایە. هەڵبەت لەم نێوانەدا پیاویش چەوساوەیەچونکە مۆنۆپۆلیستە نەک مۆنۆپۆڵکراو کە ژنە.

پیاو لە کومەڵی ئێمە دا، لە یەک کاتدا شتەو دەسەلاتەو یاسایشی بەدەستە. بەلام ژنەکان تەنها شتن، بێ دەسەلاتن. بۆیە بە ئاسانی ئاڵوگۆڕیان پێ دەکەن.دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن. بەستنەوەی ژن لە ماڵ، لەناو چوارچێوەیێکدا چەمکی کڕین دەگەینێ. ئێمە شتێک دەکڕین و دەیبەینەوە ماڵێ. بوونی ژن لەدەرەوە بەو چەشنە نەبێت کە خۆی دەیەوێت، بۆ نموونە وەک: سۆزانییێک، چەمکی فرۆشتن دەگەینێ. جیاکردنەوەو جێهێشتن.

کۆمەڵگەیێک عەقل بەشێوەیێکی دینامیکی سنور بۆ کۆمەل و بۆ



www.arsivakurdi.org

### گفتوگۆیەک لەگەڵ

# کاک (زناری خەمۆ)

## بەرپرسیاری کۆمیتەی راوێژ بۆ کۆنگرەی ١٣ هەمینی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد

کاک زنار وەک بەرپرسیاری ئەم کۆمیتەیە، کاری کردووە لە نێوان کۆنگرەی دوازدەمین و سێزدەمینی فیدراسیۆن. پاش ئەوەی کۆنگرەی سێزدەم پێکهات، رادیۆی «دەنگی کۆمەڵەی کوردی لە سپۆنگا» گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ساز کرد:

**بارزان-رادیۆ:**

دەگوترێت ئەو لیستەیەی ئێوە بۆ کۆمیتەی کارگێر و کۆمیتەکانی تر ئامادەتان کردبوو، زۆربەیان ئەو کەسانە بوون کە (حیزبی) بوون. واتە ئێوە زیاتر لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئەندامی پارتە سیاسییەکانن قسەتان کردووە کە بێنە ناو ئۆرگانەکانی فیدراسیۆنەوە. ئایا ئێوە سەبارەت بەم قسەیە چی دەڵێن؟

**زناری‌خەمۆ:**

بە دیتنی من، لە هەر کۆنگرەیەکدا گێرەوکێشە درووست دەبێت. خەڵکانێک کە دەیانەوێت هەڵبژێردرێن یان هەڵنەبژێردرێن، گلەیی دەکەن. شتی بچووک، گەورە دەکرێت. من بۆخۆم ئەم مەسەلەیە بە مەسەلەیەکی ئاسایی دەبینم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک مقۆ مقۆ و چپەچپی وەهاش روویدا کە بە دڵی ئێمە نەبوو، وەکو کۆمیتەی راوێژ بەڵام ئێمە نەمانتوانی بەر لەو مقۆ مقۆیانە بگرین، چونکە ئیرادە، ئیرادەی کۆنگرەیە و ئیرادە ئیرادەی نوێنەرانە کە کێ هەڵدەبژێردرێن و کێ هەڵنابژێردرێن، بەڵام ئێمە وەکو ئۆرگانێک هیچ بایەخێکمان بەوە نەداوە کە قسە لەگەڵ خەڵکانی سەر بە لایەنی سیاسی بکەین و کاتێک ئێمە لە کۆمیتەی کارگێریش بڕوانین، دەبینین ئەندامانی کۆمیتەی کارگێر زۆربەیان ئەندامی پارتێکی سیاسی نین بەڵام هەرچۆن دەرگای کۆمیتەی کارگێر کرایەوەیە بۆ نەحیزبی هەروەها بۆ حیزبییەکانیش کرایەوەیە. جا بە رای من گرفتەکە ئەمە نییە، بەڵکو دەبوایە پێوانمان بۆ جێگرتن لە کۆمیتەی کارگێر، ئەوە ببوایە کە ئایا ئەو کەسە توانای کاری هەیە لە کۆمیتەی کارگێر یان نا؟. ئەو نوێنەرانەی کە دەنگی خۆیان دایە ئەو کەسانە، دەبوایە بە ویژدانی خۆیان ئاسوودە و ئارام بوونایە کە: «بەڵێ من دەنگی خۆم دەدەم بە کەسێک کە توانای کارکردنی لە کۆمیتەی کارگێردا هەیە».

بەرای من هەروەکو لە کۆنگرشدا باسم کرد کە هیوادارم هەموو نوێنەران کاتێک کە دەنگی خۆیان دەدەنە کەسێک دەبێت لە عاتفە دووربن، لە مەسەلەی ئایدیۆلۆژی حیزبایەتی دووربن و هەروەها لە مەسەلەی خزمایەتی و برادەری و کەسایەتی دوور بکەونەوە و ئەوسا دەنگی خۆیان بدەنە ئەو کەسانە کە دەیانەوێ کار لە کۆمیتەی کارگێردا بکەن. بەڵێ زۆربەی نوێنەران بە شێوەیەکی بابەتییانە دەنگی خۆیان دا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک دەنگی نابابەتییانەش هەبوون کە هەندێک کەس دەبا نەکەوتبانە کۆمیتەی کارگێر یان کۆمیتەی گشتی، بەڵام ئەوە بوو کە لەو ئۆرگانانەدا جێیان گرت.

**بەرزان-رادیۆ:**

هەندێک کەس «سەربەخۆ» یان «بێلایەن» هەبوون و دەیانویست لە کۆمیتەی کارگێردا کار بکەن، بەڵام خەڵک ئەوانی نەدەناسی و کۆنگرەش بوارێکی وەهای بۆیان نەرەخساند کە هەستن و خۆیان بە نوێنەران بدەنە ناساندن. هاوشان لەگەڵ ئەمەدا، هەندێک خەڵکی تر کە سەر بە لایەنی سیاسی بوون هیچ پێویستی نەدەکرد کە خۆیان بدەنە ناساندن و هاتنە هەڵبژاردن. جا وەها دیار بوو کە لە ژێرەوە رێکەوتنێک لە نێوان پارتە سیاسییەکاندا هەبوو کە ئەندامانی خۆیان بخەنە کۆمیتەی کارگێرەوە. تۆ ئەو مەسەلەیە چۆن دەبینیت؟

**زناری‌خەمۆ:**

بەڵێ، تا رادەیەک ئەو مەسەلەیە راستە. سەبارەت بە خۆدانە ناساندنی ئەو کەسانەی کە دەیانویست لە کۆمیتەی کارگێر کار بکەن، هیچ شتێکی لەمەسەلەکە نەدەگۆری. ئەگەر خۆیان بدایەتە ناساندن، یان نەدایەتە ناساندن، ئەوا هەمان ئەنجام دەردەکەوت، چونکە پێشوەخت حیساب بۆ ئەو مەسەلەیە کرابوو، من دەڵێم کە کۆنگرە یان دیوانی کۆنگرە کاتێک رێی نەدایە ئەو برادەرانە کە خۆیان بدەنە ناساندن، ئەوە کەموکوریەک بوو، بەڵام دیسانەوە دەڵێم سوودی نەدەبوو، چونکە بۆ نموونە: کاک شەماڵ و کاک مومتاز، زۆربەی نوێنەرانی کۆنگرە دەیانناسین، کەچی نەهاتنە هەڵبژاردن، بەڵام لەلایەکی ترەوە خەڵکی تر هاتنە هەڵبژاردن کە ئەوانیش دیسانەوە خۆیان نەدایە ناساندن و هەندێکیان تازەش هاتوونەتە سوێد، بەڵام چونکە لەگەڵ پارتێکی سیاسیدا بوون هەڵبژێردران و کەوتنە کۆمیتەی کارگێرەوە. جا ئەوە بەرپرسیارێتی کۆنگرەیە و بەرپرسیارێتی کەسایەتی خۆیەتی و بەرپرسیارێتی ئەو پارتەشە کە تێیدا کار دەکات و سەرەڕای ئەمانەش ئەو نوێنەرانەی کە دەنگیان دایە ئەو کەسانە، سبەی رۆژ ناتوانن خۆیان لە ژێر ئەم بەرپرسیاریەتیە رزگار بکەن.

ئێمە هیواداریین ئەو برادەرانە، ئەم دیتن و رایانە هەموو بە هەڵە دەرخەن و کارێکی چالاک لەناو فیدراسیۆندا ئەنجام بدەن.

www.arsivakurdi.org

بەرچاوتەنگی و دەرگا داخستن لە خەڵکانی تر، لە بەرژەوەندی کام لایەنە؟ بۆ وێنە ئەمساڵ کاتی هەڵبژاردن و بەر و پاشی، کەس بیری لەوە نەکردەوە کە: ئەگەر کاری کولتوری بە گشتی ئەرکێکی هەرە مەزنی فیدراسیۆنە، ئەی بۆ یەک کەسی پسپۆر یان تەنانەت نەختێ شارەزایان بۆ تەرخان نەکرد؟ ئێستا ئێمە خاوەنی کۆمیتەیەکی کارگێڕین و با بە راشکاوی بڵێیم یەک کەسمان تێدانییە کە لەم بوارەدا لێزان و شارەزا بێت. بۆ تا ئێستا فیدراسیۆن نەیتوانیوە چەند تیپی باشی شانۆگەری، هەڵپەرکێ، گورانی و ... ساز بکات و لە دوو یان سێ فستیواڵی گەورەدا بەشدار بێ؟ بۆ و دەیان بۆی تر، بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەو راستییە کە فیدراسیۆن بە سی لە سەدی پوتانسیەلی کار دەکات و کارەکەشی بە دەستی دوو یان سێ نەفەرەوە(بە گشتی)بەرێوە دەچێ و هەر بۆیەش ئەنجامی ناتوانێ لەمە باشتر بێت و بە پێچەوانەوە ئەو کارانە بۆ دوو سێ کەسان گەلێ زۆر و قورسن.

سەرەرای هەموو ئەم راستییانەش، لە هەڵبژاردنی کۆمیتەکاندا، ئەوەی لە بەر چاو نەگیرا، ئەم لایەنانە بوون. تەنانەت سرنجێکی تەرکیبی کۆمیتەکان بدەن، بۆتان دەردەکەوێ کە مەبەستم لە لێ تێکچونی فیدراسیۆن لە گەڵ شتی تر چییە، ئەو تەرکیبە پتر بۆ رێکخراوێکی سیاسی، یان پەرلەمانێک دەست دەدا تا رێکخراوێکی وەک فیدراسیۆن.

* یەکێک لە ئۆرگانەکانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان، کۆمیتەیەکە بە ناوی «کۆمیتەی راوێژ»، کە راستەوخۆ لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێ. ئەو کۆمیتەیە هەموو ساڵێ، بە پێ ناسین و زانیاری خۆی ، داوا لە خەڵکێک دەکا تا لە کۆنگرەدا خۆیان بۆ بەرپرسیاری کارەکان کاندید بکەن.(با ئەوەش بڵێم ئەو کۆمیتەیە، بەرژەوەندی هێزە سیاسییەکانیشی لەبەر چاوە، بەڵام برێک بە ئینسافی پترەوە دەروانێتە کارەکان و، بۆیەش خۆی تەنیا بە ئەندامەکانی حیزبی نابەستێتەوە.) لە کۆنگرەدا، پاش ئاخافتنی بەرپرسی کۆمیتە و ناساندنی لیستەی پێشنیاری، نزیکەی ۲.، ۳. کەس راستەوخۆ و رەمەکی لە لایەن کۆنگرەوە کاندید کران، بەبێ ئەوەی کەس بیر لەوە بکاتەوە داخوا ئەو کەسانە کارەکانیان بۆ رادەپەرێ یان نا!

خویایە، کاندیدبوون، مافی هەموو کەسێکە و کەس ناتوانێ دژی بێ، بەڵام من ئێستاش نەمزانی، کە وایە پێکهێنانی ئەم کۆمیتەیە دەبێ چ حیکمەتێکی هەبێ، ئەگەر کەس نرخی کارەکەیان نازانێ، یاخود بە کارەکەی رازی نین، ئەی بۆ ئەم کۆمیتەیە هەڵناوەشێننەوە؟
داخوا ئەوە جگە لە گەمە کردن بە کۆمیتەکە مانایەکی تریشی هەیە؟

* هەولی هێزێکی سیاسی بۆ دەست بەسەرداگرتن بەسەر فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکاندا، گەرچی بەرای من کارێکی پیرۆز نییە، بەڵام لە ناو ئێمەی رۆژهەڵاتیدا دیاردەیەکی ئاساییە. ئەوسا دەبێ بپرسین: بۆ فیدراسیۆنی هێزە سیاسییەکان پێک ناهێنن؟ بۆ بەبێ پیلان ناوی کاندیدەکانتان راناگەیەنن؟ یاخود ئەگەر دەتانەوێ ئەم فیدراسیۆنە بمێنی و خەڵکی تریشی تێدا بەشدار بێ، بۆ لە ناو کۆنگرەدا، رەسمەن لیستەیەکی حیزبی پێشکەش ناکەن تا خەڵک خۆی بە ئارەزووی خۆی هەڵبژێرێ؟

شتێکی تریش، باشە ئێمە لەوەش شلتری دەگرین و دەڵێن: کاکە! فیدراسیۆن هی خۆتان. فەرموون و کارەکانی بکەن، ئەوسا ئێوەش برێک بە ئینساف بن و چوار کەس دیاری بکەن کە کارەکانی پێ بکرێ. ئەگەریش چوار کەسی واتان نییە، رێگە بدەن با حیزبێکی تر یان یەکی ناحیزبی کەسێکتان بە قەرز بداتێ! تەجروبەی هەموو ئەو ساڵانە پێشانی داوە کە تەرکیبی کۆمیتەی کارگێر، هەرگیز لە ئاستی نیاز و ئەرکەکانیدا نەبووە و لە هەندێ بوارانیشدا هەمیشە لە گەڵ قەیرانی کادیری بە توانا رووبەروو بووە. کە وایە دەکرێ لایەنی کەم بیر لەم ئەرکانەی فیدراسیون بکاتەوە و هەوڵ بدات بە پێی کار و ئەرکەکان، خەڵک دیاری بکەن. ئەوسا لانی کەم، ئەو کەسانە(حیزبی یان غەیرە حیزبی) کارەکانیان بۆ رادەپەرێ.(با ئەوەی بەراشکاوی بڵێم: مەسەلە گومان کردن لە توانای ئەو برادەرانە نییە، مەسەلە مێتۆدی هەڵسوکەوتی ئەو حیزبانەیە، چونکە من وەک شەخس رووم لە هیچ کەس نییە. بەڵام پێکهاتن و دانی بریار لە کۆبوونەوەیەکی چەند رۆژبەر لە کۆنگرەم پێ مێتۆدێکی زۆر نادیموکراتی و بێ رێزییەکی زۆرە بە ئەندامانی فیدراسیۆن.) ئەو کارە بووە و کراوە و، ئەگەریش پێویست بێ، بەڵگەش کەم نییە.

قسە زۆرە و دەرفەت کەم، لەم باسەشدا بە مەبەستی خزمەتی مەسەلەکە، پەنجەم بۆ کەموکورییەکان راکێشا. هەرچی برووش، رۆیشت و تازە تا دوو ساڵی تر، ئەرکێکی گران کەوتۆتە سەر ئەم کۆمیتانە. بەڵام پێموایە ئێستاش تێفکرین لەم شتانە و هەولدان بۆ خۆ دوورخستنەوە لە بەرچاوتەنگی حیزبی و نێوان ناخۆشی شەخسی و ... دەتوانێ بە قازانجی هەموو لایەک تەواو بێ. هیواداریشم بکرێ و هەموو لایەک بە پێی توانستیان هەول بدەن ئەو تاقیکردنەوە تاڵانە لەوە زیاتر دووپات نەبنەوە.

با لە بیریشمان بێ: مەبەست خزمەتکردن بە کورد بە گشتی و، بە تایبەتی پەنابەری کوردی ئێرەیە، تەنیا کاتێکیش دەتوانین شیاوی نوێنەرایەتی ئەم کۆمەڵە خەڵکە بین، کە لە کردەوەدا بەرژەوەندی ئەوانمان لە هی خۆمان و لایەنەکانی تر پێ گرینگتر بێ. دەبا لەم رێگەیەدا هەنگاوی بەسوود بنێینەوە!

بەرژەوەندی حیزبەکەت فەراموش کە! بەڵام دەبێ و دەشێ بگوترێ: کاکی برا، فیدراسیۆن حیزبی تۆ نییە، ڕێکخراوی دیموکراتی هەموو کوردە ئاوارەکانی نیشتەجێی سویدە، کەوایە بۆ ڕێزلێنان لە وانیش، تکایە دۆ و دۆشاو، واتە بەرژەوەندی حیزبەکەت لە گەڵ بەرژەوەندی گشتی ئەم کۆمەڵە خەڵکە تێکەڵ مەکە!

کەچی ئێمە هێشتاش لە قسەدا ئەو پرەنسیبە سەرەتاییانەی کاری دیموکراتی دەپات و سەدپات دەکەینەوە و لە کردەوەشدا وەپشت گوێیان دەدەین..

کۆنگرەی سێزدەیەمی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان، نموونەیەکی زەق و زۆر تاڵی ئەو کەموکورییە گەورەیە بوو کە ساڵانی ساڵە بەدەستییەوە دەناڵێین. ئەم کۆنگرەیە سەلماندی کە هێشتاش بەزمی «لیستە دیاریکراوەکان» تەواو نەبووە و کاروچالاکییەکانی ئێمە هەر دەبێ لە بازنەی خشتە دارشتراوەکانی ناو ژوورەکانی حیزبەکاندا خوڵ بخواتەوە.

با ڕاستیتان لێ نەشارمەوە، ئەوە بە لای منەوە شتێکی هێندە سەیر و سەمەرە نییە و دەزانم لای ئێوەش بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی، ئەوەی من ئازار دەدا ئەوەیە : بۆ دەبێ لێرە لە وڵاتی پێشکەوتوو و خاوەن فەرهەنگی دیموکراسیدا و، پاش دەیان ساڵ ژیان و کار هێشتا ئەو خاڵە ساکارە تێنەگەین کە: ئەگەر ئێمە دەمانەوێ بەس خۆمان بین، دەی با ئەوەندە بوێر بین و بەس بە ناوی خۆمان کار بکەین. ئەگەر پێمان وایە خەڵک خۆشییان لە پارتەکەی ئێمە نایە یان بە هەر هۆیەکی تر نایانەوێ لە دەوری ڕێکخراوەکەی ئێمە کۆببنەوە، ئیتر خۆ ناکرێ لە ژێر ناو و سێبەری لایەنێکی تردا خەڵک لە خۆمان کۆکەینەوە! ئەگەر حیزبی ئێمە توانیبای ئەو ئەرکە لە بری فیدراسیۆن بە جێ بگەیەنێ، ئەی سەرهێنشەی کار لە ناو فیدراسیۆن بۆ چی بوو؟ ئەگەر حیزبەکەی ئێمە بۆ ئەم ئەرکە لە هەموو کەس بە تواناتر بایە، حیزبەکەی ئێمە دەیتوانی بە شانازییەوە ئەو ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنێ. ئەگەر هەندەمان باوەر بە حیزبەکەمان هەیە، بۆ ناوێرین ڕەسمەن و شەرعەن بە ناوی حیزبەکەمان کار بکەین؟

لە کۆتاییدا، بۆ دەبێ هیوای خەڵکێکی دڵسۆز و کارامە، کە بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک دەیانەوێ خزمەت بە گەلەکەیان بکەن، بە گوللەی ڕەشبینی و دەستەبازی بپێکن و لەخۆڕا و بۆڕا ناچاریان کەن کە تازە ڕوومان تێنەکەنەوە. خۆ ئەگەر مەبەست حیزبایەتیش بێ، دڵتان برێک گەورە بێ، بڕوا بکەن، ئەو فیدراسیۆنە ئەوەندە گەورەیە کە جگە لە حیزبی ئێمە، جێگای چەند کەسی ناحیزبیشی دەبێتەوە !

بەڵێ! هەڵبژاردنی کۆنگرەی سێزدەیەمی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانیش، بە گوێرەی یاسای لە مێژینە، بەڵام نەنووسراوی کوردانە چووەپێش و، ئەنجامیشی تەنیا بووە مایەی حەبەسانی کۆمەڵە خەڵکێکی ساکار و دڵسۆز. کۆمەڵە خەڵکێک کە پێیان وابوو بوونیان لە ناو فیدراسیۆندا دەبێتە هۆی بەرەو پێش چوونی کارەکان و خزمەتی پتر بە نەتەوەکەیان. با هەر لێرە پەنجە بۆ ئەوەش ڕاکێشم: من پێموانییە ئەو کەسانەی دیاری کران، دڵسۆز و کارزان نین، بەڵام خەڵکی کارزان و دڵسۆزتریش هەبوو کە بە هۆی نەبوونی پێناسەی حیزبەکانەوە، نەیتوانی دەنگ هەڵبڕێ.

من ناخوازم بێمە سەر تاک تاکی نموونەکان و بە بەڵگە بیسەلمێنم کە بۆ وا بوو و چۆن وابوو. بۆ کەسێکیش بیەوێ چاوبەستی حیزبایەتی لە خۆی بکاتەوە، قسەکانی من لەوە ئاشکراترە، پێویستی بە بەڵگە بێت. بۆیەش تەنیا هەندێ خاڵ دەخەمە بەر چاوی خوێنەران:

* تا ئێستا لە کردەوەدا و بەپێی چالاکییەکانی فیدراسیۆن، دوو خاڵی زۆر گرینگ دەردەکەوێ کە ناکرێ هەروا سەرپێیی لێیان تێپەڕین: یەکەم: ئاوڕدانەوەیەک لە بواری کار و چالاکی فیدراسیۆن ئەوە دەسەلمێنی کە تا ئێستا کەم کەس لە ئەرک و کاری فیدراسیۆن حاڵییە و زۆربەی جاران فیدراسیۆن و ئەرکەکانی لەگەڵ لایەنی تر تێکدەچێ. دووەم: فیدراسیۆن بە ئاشکرا بەرانبەری کەمی کادرێکی کارامەیە و لە کردەوەدا و تەنانەت بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانیشی ئەوە دەردەکەوێ کە زۆربەی کارەکان لە لایەن دوو یان سێ کەسەوە بەڕێوە دەچێ.

فیدراسیۆن بەر لە هەموو شت، ڕێکخراوێکی دیموکراتییە کە لێرە بە گوێرەی یاسای دەوڵەتی سوید و ئەو مەیدان و ئیمکاناتەی بۆی تەرخان کراوە، دەبێ وەک ڕێکخراوێکی بیانی بەرگرێ لە مافی کوردە پەنابەر و مافی مرۆڤی کوردی ئاوارە لە سوید بکات. وەک ڕێکخراوێکی پەنابەرانی کورد بۆ ژیناندنەوە، پاراستن و خەملاندنی پتری کولتور و فەرهەنگی کوردی هەوڵ بدات و، بە گوێرەی توانستی ئاوێنەی خولیا و ئامانجەکانی کوردەکانی ئێرە، گیروگرفتیان، ئاڵۆزی باری ژیانیان بێ. فیدراسیۆن دەبێ بەر لە هەموو شت، ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی سوید بێ و، لە هەمانحاڵیشدا دەنگی ڕەوای کورد و جوڵانەوەکەی بەبێ جوداێزی بە بیروڕای گشتی و بەتایبەتی سوید ڕابگەیەنێ. بەڵام لە کردەوەدا فیدراسیۆن زۆر جاران ئەم سنورە دەپەڕێنێ و جارێک خۆی لەگەڵ پارلەمانی کوردی لێ تێکدەچێ، جارێک لەگەڵ ئەو یان ئەم حیزبە کوردییە و، جاریش لە گەڵ باڵوێزخانەی کوردی لێرە. ڕاستە یەکێک لە ئەرکەکانی فیدراسسیۆن و بگرە لە ئەرکە گرینگەکانی ئەوەیە: دەنگ و باسی کوردستان و جوڵانەوەی کوردی بە گشتی بگەیەنەتە دەرەوەی و پاڵپشتێک بێ بۆ ئەم جوڵانەوەیە، بەڵام پاڵپشت بوون و خۆ لە جیاتی لایەنێک دانان، جیاوازی کەم نییە. ئەوەیا تا ڕادەیەکی وەڵامی تەرکیبی فدراسیۆن دەداتەوە و مرۆڤ بۆی دەردەکەوێ کە بۆ لە بری چەند پسپۆری کۆمەڵناس، کولتور و ....، پتر کادری حیزبی کارەکانی هەڵدەسوڕێنن.

لە لایەکی ترەوە هەر وەک گوتم، نەبوونی کادری کارزان و کارامە یەکێ لە گرفتەکانی چەندین ساڵەی فیدراسیۆن بووە، کە وایە ئەو

www.arsivakurdi.org

لە پەراوێزی سێزدەیەمین کۆنگرەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان

# هەلبژاردن یان دابەشکردنی کورسییەکان بەپێی بریاری پێشوو؟

نووسینی: شەماڵ

کار و چالاکی لە ناو سنوری حیزبەکاندا، یاخود کورد گوتەنی: حیزبایەتی، وای لە هەندێکان کردووە کە هەموو بوارێکی کاری کۆمەلاْیەتیش بە حەوش و قۆرغی حیزبەکەیان بناسن. ئەم خەڵکانە بە هەر نییەتێکی لە دلْیاندا بێ، پێیان وایە هیچ جیاوازییەک لە نێوان بەرژەوەندی تەسکی حیزبەکان و بەرژەوەندی گشتی و بەرفرەوانی کۆمەلاْنی خەڵکدا نییە و ئەگەریش برێک بوێرتر بین، دەبێ بلْێین لایان وایە خەڵک، یانی ئەو جەماعەتەی سەر بە حیزبەکەی ئەوانن!

دیارە زۆربەی ئێمەمانان تەنیا لە بواری حیزبایەتیدا تاقیکردنەوەمان هەبووە و هێشتا باش لە کاری دێموکراتی و کۆمەڵە ژیانی (Föreningsliv) حاڵی نین و بۆیەش تاوانێکی گەورە نییە کاتێ حەوشی خۆمان و دراوسێکانمان لێ تێکدەچێ. بەلاْم وەک پرەنسیپ، دەبێ ئەوەمان لە بەر چاو بێ کە یەکەمین هەنگاو لە کاری دێموکراتیدا، جیاکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا و هەڵوێستی تایبەتی حیزبێکە لە ئامانجە گشتییەکانی ئەو رێکخراوە دێموکراتییە. واتا ئەگەر ئێمە رێزمان بۆ رێکخراوێک هەبێ، هەر چەشنە هەولدانێک بۆ دەسکەلا کردن و داسەپاندنی ئیرادەی حیزبەکەمان بەسەریدا، مانای ئیهانە و بێرێزییە بە ئەندامانی ئەم رێکخراوەیە. ئەو کارانە نەک هەر دەتوانێ قەوارەی رێکخراوێکی دێموکراتی، بەڵکو ناوەرۆکیشی بخاتە ژێر پرسەک و ببێتە هۆی برین و دوور بوونەوەی کۆمەلاْنێکی زۆر لە خەڵکی غەیرە حیزبی.




راستە ئێمە ناتوانین و هەقیش وانییە نەهێڵین کەسێ حیزبایەتی بکا، بەلاْم حیزبایەتی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کاری دێموکراتیدا هەیە و بۆیەش ئەگەر حیزبییەک دەخوازێ کاری دێموکراتی بکا، دەبێ پرەنسیبە سەرەتاییەکانی ئەو کارە لە بەر چاو بگرن، نەک بە پێچەوانە، بیەوێ پرەنسیبەکانی حیزبەکەی بەسەر رێکخراوە دێموکراتییەدا بسەپێنێ. ناکرێ بە کەس بلْێی: مەبە ئەندامی فلاْن پارتە سیاسییە، بەلاْم دەکرێ و دەبێ بە هەموو کەس بلْێین: کاکی برا! ئێرە حیزب نییە و ئەندامانیشی هەموو ئەندامی پارتەکەی تۆ نین، کە وایە رێزی بیر ورای خەڵکانی تریش بگرە. ناکرێ بە کەسێک بگووترێ: هەڵوێستی پارتی خۆت لا گرینگ نەبێ، بەلاْم دەبێ بگووترێ: تکایە ئەو رێکخراوە مەکەن بە کلک و ئامێری سیاسەتی خۆتان؛ هەروەها ناکرێ بە کەسێ بگوترێ: چاوەکەم!



www.arsivakurdi.org

*- ڕاگەیاندنی فیدراڵی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان،*

گەورەترین دەستکەوتی مێژوویی ساڵی ١٩٩٢ بوو کە نە تەنها ئێمە بەڵکو نەسلەکانی داهاتووشمان شانازی پێوەدەکەن.

ڕژێمەکانی «دراوسێشمان» بە تایبەتی دوای ڕاگەیاندنی سیستەمی فیدراڵی گڕیان تێبەربووە ترافیکی نێوان ئەنقەرە و دیمەشق و تاران لە هەموو کاتێکی تر زیاتر بووە و ڕاستی مێژوویيان جارێکی تر بۆ دەسەڵمێنن کە ئەم ڕژێمانە لەسەر هەر شتێک جیاوازییان هەبێت لەسەر کێشەی نەتەوەی کورد یەکەن و پێچەوانەشی ڕاستە: سەرکەوتن لەهەر بەشێکی کوردستان بە دەست بێت سەرکەوتنە بۆ تەواوی گەلی کورد.

بەرێزان:

*پەرلەمان و حکومەتی ئێمە بویتە میراتگری (..٤٥) گوند و (٢٥) شارۆچکەی وێرانکراو،*

*- کوردستانێکی بە (٥) ملیۆن لوغم کراو.*

*- سروشتێکی تێکوپێک دراو.*

*- قوتابخانە و زانستگای تەبعیس کراو.*

*- سەرپەرشتی بنەماڵەی (...و..٢) شەهید و بنەماڵەی (...و١٨٣) لە قوبانییەکانی ئەنفال و بنەماڵەی (...٨) قوربانییەکانی بارزانی.*

*- خاوەنی سەدەها هەزار ئاوارەی کورد لە برا فەیلییەکان و ئاوارەکانی گەرمیان.*

ئەمانە تەنها چەند نموونەیەکن لەو کاروبارانەی کە لە تەنها لە توانای حکومەتێکی هەژاری وەک کورد زیاترە بەڵکو بارێکی زۆر گرانە بۆ دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی وەک سوێدی خاوەن «پەشوون نومەریش».

لە سەراستی ئەم بنچینانەیە کە پەرلەمان و حکومەتی کوردی بڕیاریان داوە لەسەرەتا و لە هەر وڵاتێکی ئەورووپاییدا کۆنتۆیەکی تایبەتی بکرێتەوە بۆ یارمەتیدانی پەرلەمان و حکومەت تاکو بتوانن بەشێک لە ئەرکەکانیان بەرامبەر بە جەماوەری کورد جێبەجی بکەن و بتوانن لەم ئەزمونە مێژوویی بۆ سەرخستنی دیموکراتی و داوا ڕەواکانی گەلی کورد سەرکەوتوو بە دەرکەوون. وەکو بیرۆی حکومەتی کوردی لە سوێد ئێمە ژمارەیەکی پۆستگیرۆمان کردۆتەوە بۆ ئەم مەبەستە و نێردراوە بۆ هەموو ئەو شارانەی کە کۆمەڵەی کوردی لێن.

**هاووڵاتیانیخۆشەویست!**

ئەمڕۆ هەمووومان دانە بە دانە بەرپرسیارین لە پاراستنی ئەم دەستەکەوتە نەتەوەییە و ڕۆڵەکانی داهاتوومان محاسەبەی ئێمە دەکەن و بە تایبەتی کوردەکانی کە نیشتەجێن لە وڵاتەکانی ئەورووپا و ئەمریکا و کەنەدا و ئۆستڕالیا ئەگەر ئەم دەستکەوتە لە دەستمان بچێت.

لەسەر ڕاستی ئەم بنچینەیە، نوێنەرایەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە سوێد خەریکی کۆکردنەوەی ناونیشانی پسپۆرەکانی کوردە لە هەموو بوارێکدا تاکو بە زووترین کات، گروپی جۆراوجۆ درووست بکرێت و لە ژێر چاودێری بیرۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەرکی خۆیان بەرامبەر بە خاک و نیشتمان و دامودەزگا هەڵبژێردراوەکانی کوردستان جێبەجێ بکەن.

**نوێنەرانیبەرێزیکۆنگرەیفیدراسیۆن!**

زۆر گرنگە کە ریالێتی باری ناسک و ناخۆشی کوردستان بەشێوەیەکی جدی لە شارەکانی خۆتان لەگەڵ هاووڵاتەکانی تر باس بکەن و مێتودی مناسب بدۆزنەوە بۆ یارمەتیدانمان لەسەرکەوتنی ئەم ئەرکە گەورە و گرنگ و پیرۆزیە و بە پێویست دەزانین لێرەدا بە تایبەتی سوپاسی کۆمەڵەی ترولهێتان بکەن کە دە هەزار کرۆن یارمەتیان ناردووە بۆ بیرۆی حکومەت.

- زۆر باش دەبێت ئەگەر لە کۆنگرەی فیدراسیۆندا کۆمیتەیەکی تایبەت دابمەزرێت بۆ ئەوەی پێشنیار لەم بارەیەدا ئاراستەی کۆنگرە بکرێت و بکرێتە بڕیارێکی کۆنگرە.

لەجێی خۆیەتی باسی هەنگاوی بیرۆزی کۆمەڵەی سپۆنگا بکەم کە نیازی ئاوەدانکردنەوەی دوو قوتابخانەی هەیە و هەروەها گروپێکی ٢٥ کەسی لە گەنجەکانی کورد دەنێرن بۆ خزمەتی کوردستان لە پشووی هاویندا.

هیواداریین کۆنگرەی فیدراسیۆن بەسەرکەوتوویی کۆتایی بەکاری خۆی بێنێت و کۆنگرەی ئەم ساڵ ببێتە هاندەرێکی باش بۆ بتێنکردنی خەبات چ لەناو جەماوەری کورد لە سوێد و چ لە ئاستی کوردستاندا.

## پۆستگیرۆی پەرلەمانی کوردستان

## K.V.D.K

## 6497899-2

# کورتەی گوتاری نوێنەری بیرۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
# لە سوێد،
# کاک تەها بەرواری

پێشەکی سوپاسێکی گەرمی فیدراسیۆن دەکەین بۆ رەخساندنی ئەم هەلە بۆمان تاکو لە نزیکەوە لەگەڵ یەک بدوێین و ئاشنا ببین و مژدەتان پێ بدەین کە بە زوویی بیرۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە سوێد دەکرێتەوە.




پێشەی ئەوەی بچمە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستانی عێراق بە پێویست دەبینم سوپاسێکی گەرمی فیدراسیۆن بکەم بۆ ئەو هاوکارییەی کە لە گەڵیان کردووین بۆ ئەوەی بتوانین بناغەی بیرۆی حکومەت بچەسپێنین. بێگومان بەبێ ئەم یامەتییە کاری ئێمە زۆر سەخت تر دەبوو.

**بەشدارانی خۆشەویستی کۆنگرە!**

- ئێمە لەم رۆژانەدا یادی دوو ساڵەی راپەرینی مێژوویی و بێ هاوتای بەهاری ٩١ دەکەین کە بە ئازادکردنی شاری رانیەی خۆشەویست دەستپێکرد و لە کەرکوکی دڵ و قودسی کوردستان کۆتایی پێهات.

- یادی ١٤ ساڵەی کۆچکردنی سەرکردەی نەتەوەیی کورد بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە - مستەفا بارزانی- دەکەین و هەروەها، یادی ٩٠. ساڵەی لە دایکبوونی ئەم سەرکردە قارەمانە و دووربینە دەکەین.

- یادی ١٨ ساڵەی پلانی گڵاوی جەزایر، بە بیر دەهێنینەوە.
- بیرەوەری ٢٣ ساڵەی پەیماننامەی ئازاری ١٩٧٠ بە بیرمان دەخەین.
- یادی تاوانەکەی جەللادی بەغدا لە هەڵەبجەی شەهید بەبیردێنین کە چۆن منداڵی ساوا و پیرەژن و گەنج و پیاو لە سیانید و خەردەلی بەعسییەکانی بەغدا بێ گیان کران.

- یادی ئەنفالە سومەکانتان بەبیر دێنین کە تا ئێستاش چۆن . . .و١٨٣ هەزار هاووڵاتیمان بێسەر و شوێن کراون.
- کاوەی ئاسنگەرمان بەبیر دێنین کە چۆن زوهاکی خوێنمژ و تەخت و تاراجی تێکدا.

بەڵێ هاووڵاتیان...... ئەمە چەند لاپەرەیەکی بە نرخە لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەماندا کە تەنها لە مانگی ئازاردا ڕوودراون کە پێویستە هەمیشە لە یادمان بن تاکو بتوانین شیکردنەوەیەکی ئۆبجێکتیڤانە بکەین بۆ ڕابردوو و داهاتوشمان.

بەرپاکردنی هەڵبژاردنی گشتی ئازاد و دایموکراتیک لە ١٩ی گوڵانی ١٩٩٢دا گەورەترین دەستکەوتە بۆ نەتەوەی کورد کە جاری یەکەمە و نە تەنها مێژووییە لە ڕوانگەی نەتەوەی کورد، بەڵکو لە ئاستی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. ئەم هەڵبژاردنە بە شاهیدی هەموو دونیا شەرعیەت و ڕەوایی کێشەی کوردی زیاتر چەسپاند لە دونیادا و ئەرکی پاراستنی لەسەر هەموو مرۆڤێکی دیموکرات و ئازادیخوازە.

- *بەرپاکردنی هەڵبژادرنی ئازادی گشتی و*
- *دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و*
*دانانی ئەنجوومەنی وەزیران و*

www.arsivakurdi.org

ناتوانین له بەرامبەر ئەو روداو و گۆڕانکارییانەی کە لەم ولأتەدا روودەدات، خۆمان کەڕ و کوێر بکەین، هەروەهایش له بەرامبەر هەڵوێستەکانی ئەم ولأتەیش سەبارەت بە مافی پەنابەری، ناتوانین سست بین.ئەم مەسەلانەیش بۆ ئێمەی کورد لە هەموو خەڵکێکی تر گرنگ ترە. داهاتوی منداڵ و لاوانمان و پاراستن و بەهێز کردنی کەسایەتی نەتەوەییمان و ئیمکانی ژیانێکی باشتر و پێشکەوتوو، بە مافی پەنابەری و بیانی و هەروەها بە

بارو دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی سوێدەوە گرێدراوە. لەبۆ ئەم مەسەلانەیش هوشیاری خەباتێکی زیاتر، پێویستە. گێژاوی ئابوری، بێکاری، کەمکردنەوەی ئیمکای هاوسانی لەبواری پەروەردەکردن، کەمکردنەوەی مافی؟؟؟؟؟ هتد.. کاریگەرێکی نێگەتیڤمان لەسەر دەکات.

بەشدارانی بەرێز لە کۆنگرەی ١٣ هەمینی (ف.ک.ک.س) دا...

لە کۆنگرەی ١٢ هەمینەوە تاکو ئەمرۆ، گەلێک روداوی گرنگ لە ولأتەکەمان دا رویان داوە. خونچە گوڵی هیوا زیاتر بوون.گەلەکەمان لە سەر ٢/٣ ی خاکی باشوری ولأتەکەمان، دەسەلأتی سیاسی خۆی بەهێزتر کردووە.

بەو بڕیارەی بەرەی کوردستانی، کوردستانی عێراق، کە ئێمە لە کۆنگرەی ١٢ هەم دا پیرۆزباییمان لێکرد، گەلەکەمان لە مێژوی هاوچەرخی خۆی دا یەکەمین هەڵبژاردنی ئازادی پێک هێنا، یەکەمین پەرلەمانی هەڵبژێردراوی ساز کرد. حکومەتی خۆی دەسنیشان کرد و بە بڕیاری (فیدراڵی)، چۆنیەتی ئەو هەبونەی خۆی راگەیاند. ئەوەتا ئەمرۆ گەلەکەمان لەو بەشەی ولأتەکەمان، بە نوێکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی ولأت و کۆمەڵگەی کوردەوارییمانەوە، سەرقاڵە. ئەم دەسکەوتەی کە من لێرەدا باسم کرد بە بێگومان دڵی هەموومانی گەش کردۆتەوە و من زۆر بە دڵنیاییەوە دەتوانم رایبگەیێنم کە، (ف.ک.ک.س.)، بە هەموو ئۆرگانە هەڵبژاردراوەکانییەوە، هەرگیز خۆ لە هیچ جۆرە بەرپرسیارییێک بەرامبەر بەم دەسکەوتە و پراستنی و پێشخستنی، نەدزیوەتەوە، ئەم کارەیش بۆ هەموومان جێگەی سەر بڵندییە.

بەلأم، هاوڕێیانی بەڕێز، لەگەڵ هەبوونی ئەم خونچە گولأنەی هیوادا، لە باکور و رۆژهەلأت و باشوری رۆژئاوا دا، چەوساندنەوە و زۆرداری بەربەری، دەوڵەتە داگیرکەرەکان هەر بەردەوامە. گەلەکەمان لەو بەشانەی ولأتەکەمان دا لە بەرامبەر هەبوون نەبوون دایە. بۆ نموونە ساڵی پار لە باکوری نیشتیمانەکەمان، رۆژێک بەبێ کوشتنی هاوولأتییانمان و وێرانکردنی گوند و شارانمان، تێنەپەڕیوە. پۆلیس و هێزی تایبەتی و هێزی پاراستن، لە خواردنەوەی خوێنی گەلی کوردمان تێرناخۆن، ئەوەبوو نەورۆزی ٩٢ یان، لە خوێن دا گەوزاند، بە سەدان گوندیان راگواستەوە و وێران کرد، وەک: شرناخ، ئولودەرە، پاسور و هتد..ئەو تێرۆرەی کە لە باکوری نیشمانەکەمان دا بەرامبەر گەلی ئێمە ئەنجام دەدرێت، بە کوشتنی (مام موسا)، موسا عەنتەر و بەسەدان رۆشنبیر و نیشتمان پەروەری ترەوە، بە هێرش کردنە سەر کوردستانی باشور، بە زۆرداری بەرامبەر چاپەمەنی و بزوتنەوەی جەماوەری، بەرفراوانی دڕندایەتی ئەو رژێمە خوێنمژە پیشان دەدات. دەوڵەتی تورکیا، بە ناوی (حیزبوڵلا)وە، رێکخراوێکی تێرۆری دروست کردووە. جا ئەم تێرۆر و دڕندایەتییە بێ سنورە، بەرپرسیارییەتی ئێمەیش دیار دەکات. بەرنگاری و دەرکاندنی ئەم دڕندایەتییانەی دەوڵەتی تورکیا، پەیداکردنی پشتگیرییێکی بەهێز تر لەبۆ تێکۆشینی نەتەوەیی و دیموکراتیکی گەلەکەمان، ناوەرۆکی ئەم بەرپرسیارییانەیە. لەم بارەیەوە (ف.ک.ک.س)، هەوڵێکی زۆر و کاریگەری داوە، هەروەک: گفتوگۆ کردنی بارو دۆخی باکوری کوردستان لە پەرلەمانی سوێد، پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتەکان و هێزەسیاسی و کۆمەلأیەتییەکانی سوێد، ئامادەکردنی کۆبوونەوەی ئاگاداری و ناڕەزایی دەربڕین، بەشداری کردن لە کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپایی. بەلأم دەبێت ئەم جۆرە کارانە پتەوتر و بەهێز تر بکردرێن.

**هاوڕێیانی بەڕێز...**

دڕندایەتی ئایەتوڵلأیەکانی تاران یان پان-عەرەبییەکانی دیمەشق لە دڕندایەتی داگیرکەرەکانی ئەنقەرە کەمتر نین.

شەهید کردنی تێکۆشەری هێژای گەلی کوردمان، سکرتێری گشتی پ.د.ک/ئێران، د. سەعید شەرەفکەندی و هاوڕێیانی

لە بەرلین، نموونەیێکی ئاشکرای هەڵوێستی مەلایەکانی تارانە لە بەرامبەر گەلەکەمان. زۆرداری رژێمی بەعس لە رۆژئاوای کوردستان دا بەرامبەر نیشتمان پەروەرانمان هەر لە نکۆڵی کردن لە هەبوونمانەوە تاکو گرتن و کوشتن، هەردەم لە ئارادایە.

لەم بەشەی ولأتەکەمان دا، سیاسەتی بەعەرەبکردن بە شێوازێکی نوێوە بەرێوە دەچێت. گەلەکەمان بە رابەرەکانیەوە ئەم مەسەلەیە رەتدەکەنەوە و بەرنگاری دەکەن. زۆر کەسمان لێ گیراوە و دەبێ خەباتێکی بێوچان لە دژی ئەم رژێمانە دا بکەین.

(ف.ک.ک.س)، بە پەیکەری هەبوونی رێکخراوەیی خۆییەوە، چەپەری داگیرکەرانی شکاندووە. بەلأم پێوستە کە ئێمە

هەر بەوشێوە بەرفراوانەی خەباتمانەوە، هەڵوێست و بەشداریمان لە کاروچالاکییەکان دا، زیاتر رون و ئاشکرا بکەین، کە

بۆ ئێمە، زۆرداری لە(سنە) و (قامیشلو) و (کەرکوک) و (دەرسیم)، دا وەکو یەکن. هەروەها دەسکەوتەکانی (هەولێر)

یان (مەهاباد) یان (ئامودێ) یان (دیاربەکر)، هەر بە ئەندازەی یەکتر، جێی شانازی و سەربەرزیمانن.

**هاوڕێیانی بەڕێز، میوانە خۆشەویستەکان...**

کار و تێکۆشان لەبۆ ئەو مەسەلانەی کە لە سەرەوە باسم کردن، رێکخراوێکی تێروتەسەل(کامل) تری پێویستە. ئەگەر ئێمە لە هەر بوارێکدا، ئاستی رێکخراوەیی و بەکارهێنانی توانای کۆمەڵگایەکەمان، روون و ئاشکرا نەکەین، ئەوا ناتوانین رێکخراوێکی تێروتەسەل و پەتەویش دروست بکەین. دەبێت هەر یەک لە ئێمە، توانا و تاقیکراو(تەجروبە) ی خۆی لە مەیدانە جوراوجۆرەکان دا بەکاربهێنێت. من لەو بڕوایەدام کە نوێنەرە هەڵبژاردراوەکانی کۆمەڵگەکەمان لە سوێد، نوێنەرانی کونگرەی ١٣ هەمینی (ف.ک.ک.س)، بە گفتوگۆێکی دروستکار(بنیاتنەر) و بابەتییانە و هەروەها بە بۆچوون و پێشنیارەکانەوە، دەتوانین رێی بەرپێمان خۆشبکەین. من بەم هیوا و بڕوایانەی خۆمەوە، جارێکی تر سلاوی دۆستانەی خوم ئاراستەی ئێوە هەموو بەشدارانی کۆنگرەکەمان دەکەم و سوپاسی خۆم ئاراستەی میوانان دەکەم و هیوای سەرکەوتن لەبۆ کونگرەی ١٣ هەمین دەخوازم.

ئێمە پێکەوە بەهێزترین.

٢٧-٢-١٩٩٣، ستۆکهۆڵم.

www.arsivakurdi.org

# گۆتاری ویلدان تانریکولو، بەرپرسیاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، بۆ کۆنگرەی ١٣ هەمینی فیدراسیۆن

*میوانە بەنرخەکان...*
*هاوڕێیانی بەرێزی بەڕێوەبەرانی کۆنگرە...*
*نوێنەرە هێژاکانی کۆنگرەی ١٣ هەم...*

هەموولایەکتان، بۆ کۆنگرەی ١٣ هەمینی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوێد، بەخێر بێن. بەخێر هاتنێکی گەرم بۆ نوێنەری هیوای گەلەکەمان، نوێنەری پرلەمانی نەتەوەیی باشوری




کوردستان بەریز سالار ئیسماعیل. هەروەها بۆ بەریز تاها باراوی نوێنەری بیرۆزی حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عیراق، لەسوێد دا. من بەناوی کۆمیتەی گشتی
فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید، سوپاسی خۆم بۆ هەموو میوانان و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان لە سوێد و نوێنەرانی ڕێکخراوە بیانییەکان لە سوێد و هەورووەها نوێنەرانی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستان، دەرئەبڕم لە بۆ بەشداری کردنیان لەم کونگرەیەمان دا.بەسداریتان کۆنگرەکەمان بە هێزتر دەکات. پشتگیرینکی پتەوە بۆ کاروچالاکی کۆمەڵگەی کوردەواریمان لە سوێد کە لە کەسایەتی فیدراسیۆن دا خۆی دەبینێتەوە.

**هاورێیانی‌خۆشەویست..**

لە کۆنکرەی ١٣ هەمی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد(ف.ک.ک.س)، زۆر مەسەلەی گرنگ هەن کە
چاوەڕوانی گفتوگۆ و چارەسەرکردنن، وەکو مەسەلەی پەیکەری فیدراسیۆن- چۆنیەتی شێوەی کاروچالاکی- ناوەڕۆک و
ڕوانگەکانی فیدراسیۆن- بارودۆخی ئابوری فیدراسیۆن. بۆ ئەم مەسەلانەش پێویستە کە کۆنگرەی ١٣ هەمینی (ف.ک.ک.س)، بە گفتوگۆ و پێشنیار و بڕیارەکانیەوە، هەوڵی هەڵهێنانی هەنگاوی نوێ بدات، لە پێناوی ئەم ڕێکخراوە نەتەوەیی و دیموکراتییەمان. جا بۆیە لەم دوو ڕۆژەی کۆنگرەمان دا هەوڵ و کۆشش و بەرپرسیارێنکی گرانمان لە بەردەم دایە. من لێرەدا نامەوێ لە سەر ئەم خاڵانە زیاتر باس بکەم. من لەو بڕوایەدام کە بە بەشداری ئێوەی بەرێزی نوێنەرانی کۆنگرەی ١٣هەمینی (ف.ک.ک.س)، دەتوانین زەمینەی کاروچالاکییەکانی داهاتومان لەبارتربکەین و دەتوانین بە تواناتر و بەهێزتربین.بیرو بۆچونی من و کۆمیتەی گشتی و چەند کەسانی تریش لەم بارەیەوە، لە پێشەکی ڕاپۆرتی کاروچالاکی (ف.ک.ک.س)، دا کە لە بەر دەستتان دایە و هەروەها لە هەردوو ژمارەی دوایینی (بەربانگ) دا پێشکەشی خوێنەران کراوە.جا بۆیە من لێرەدا ناچمە سەر ئەو باسانە، بەڵکو دەمەوێ باسی ئەو ڕوداو و بارودۆخەی کە لە کۆنگرەی ١٢ هەمەوە تاکو ئەم ڕۆژە ولاتەکەمان و لەم وڵاتەی دەربەدەریمان دا ڕوی داوە، بەکەم.

**بەشدارانی‌خۆشەویستی‌کۆنگرە...**

(ف.ک.ک.س)، ڕێکخراوێک نیە تەنها بۆ پشتگیری کردن لە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان، بەڵکو ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردستانە لە سوێد. لە پرۆگرامی کاروچالاکیماندا، بەلایەنی کەمەوە، مەسەلەی پەنابەریی و بیانی بوون، هەیە کە دەبێ هەر ئاوهایش بێت و ناوەڕۆکی ئەم لایەنەی کارمان دیارە کە بە وابەستەی بارو دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە یە، ئێمە هەروەکو چۆن

داناوه، جا ئەگەر لە تورکیایش وەکو فینلەندا و گەلی کوردیش خاوەنی هەموو مافە نەتەوەییەکانی خۆیان ببونایا، ئەوا زمانی کوردانیشیان فێری ئێمە دەکرد، کە زمانی زیاتر لە (١٠) ملیۆن مرۆڤ لە تورکیا و ئەوسا منیش ئەمڕۆ لەم کۆنگرەیەتان دا زۆر بە بەختەوەرییەوە بە زمانی کوردی گوتارەکەی خۆمم بۆتان دەخوێندەوە.
لەگەڵ ئەو برایەتییەماندا کە بە سەدان ساڵ لە ئەنجامی پێکەوەژیانماندا دروست بووە و لە سەر خاکێک دا پێکهاتووە، یەکێتی ئاین و یەکێتی و یەکسانی زمانەکانیشمانی لێ زیاد بکرابا، ئایا خراپ دەبوو؟
بەو هیوایەی کە ئەو باروودۆخەی هەموومان خەمی لێ دەخۆین، بەزووترین کات چارەسەربکرێ. جارێکی تریش هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازم.

*پاشان دیوان بەردەوام بوو لە بەڕێوەبردنی کۆنگرە کە بە پێی خاڵەکانی رۆژۆڤی کۆنگرە.*
*کۆنگرەی ١٣ هەمینی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، سەرجەم دوو رۆژی خایاند کە لە شەوی نێوان ئەو دوو رۆژە، کۆمەڵەی سپۆنگا شەوێکی شادی بۆ نوێنەران و میوانانی کۆنگرە لە چێشتخانەیەک پێکهێنا.*
*لە کۆنگرەکەدا، گفتوگۆ لەسەر هەموو کاروبارەکانی ساڵی رابردووی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد کرا. هەندێک کۆمەڵە داوای مافی ئەندامێتییان وەرگرت و بوون بە ئەندامی فیدراسیۆن.*
*بێجگە لە وانەش چەند خاڵێک لە ئەنجامی چەند پێشنیارێک لە دەستووردا هاتە گۆڕان کە یەکێک لەوانە ئەوە بوو کە کۆنگرەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد لە ساڵی جارێک دەبێت بە دوو ساڵ جارێک و هەروەها گەلێک پێشنیاری تریش قەبوول کرا.*
*کۆنگرە بەسەرکەوتووانە کارەکانی خۆی بەردەوام کرد تاکو لە دوا خاڵی رۆژۆڤی کۆنگرەکەدا هاتە سەر هەڵبژاردنی ئۆرگانەکان.*
*لە دواییدا کۆنگرەکە بە سروودی ئەی رەقیب کۆتایی پێهات.*
*ئەوەی شایانی باسە کە کاک (تەیب باراوی و سەعید زەنگەنە) فیلمی ڤیدیۆی کۆنگرەکەیان کێشا لە ماوەی هەردوو رۆژی کۆنگرەکە.*



**میوانەبەشداربووەکانی کۆنگرەی ١٣ هەمینی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لەسوێد**

- بێرت کارلبۆری...... ABF هەرێمی ستۆکهۆڵم.
- ئێڤا زیلەن... کۆمیتەی ئاشتی سوێدی.
- بیۆرن ئەندەرسۆن... پارتی سۆسیال دیموکراتی سوێدی.
- یوسف کۆپەلی... کۆمیتەی ئاشتی سوێدی.
- پێدرۆ لۆسادا... SIOS فیدراسیۆنی کۆمەڵە بیانییەکانی سوێد.
- گوستاف ڤۆن ئەسەن... پارتی مۆدێرات.

**ڕێکخراوەکان:**

- سالار ئیسماعیل... ئەندامی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.
- تەها بەرواری و ئاری... بیرۆی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانی عێراق.
- م. سەدیق ئیمام... پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.
- تەحسین عەبدوڵلا... یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- مەجید جەعفەر... بەرەی کوردستانی عێراق.
- حەیدەر دلۆین... یەکبوون.
- سوبحی مستەفا... پارتی چەپی کورد لە سوریا.
- لەزگین... پارتی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردستانی.
- فارس... رۆژنامەی ئارمانج.
- م. ئەمین رەشید... پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران- رێبەرایەتی شۆڕشگەری.
- حسام الدین ئەسلان و نائیلە ئاراس... هەڤگرتن (پ.د.ک)
- ئەحمەد کاکە مەمی... حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- سوێد.
- ئەحمەد تەوفیق... پارتی دیموکراتی پێشرەوی کورد لە سوریا.
- پارتی سەربەخۆی کوردستان.
- کازم بوداک... پارتی سۆسیالیستی کوردستان.
- حەنەفی چەلەبی و شیار ئەلیاچک و سالح ئینجە و کەیا ئیزۆل (سەرۆکی پێشووی فیدراسیۆن).
- یەکێتیی لاوانی کورد لە سوێد.
- یەکێتی ژنانی کوردستان.

www.arsivakurdi.org

## گوتاری نوێنەری پارتی چەپەکان بیریت ئێرکسۆن



(سلاو لە هەموو لایەک. من دەمەوێ رایبگەیەنم کە ئەمرۆ لەسەر ناوی پارتی چەپ و کۆمیتەی سوێدییەکان بۆ مافە مرۆڤایەتییەکانی کورد بەشداری کۆنگرەکەتان دەکەم. سلاوی سەرۆکی نوێی پارتێمان (شویان) و هەروەها لە کۆمیتەکەمانەوە، کۆمیتەی مافی مرۆڤایەتی کورد و سەرۆکەکەی (هارمانسۆن) ئاراستەی ئێوە و کۆنگرەکەتان دەکەم.

نەتەوەیەکگرتووەکان، سالانی نەوەتەکانی بە دەسالی مافی مرۆڤ و سالی ١٩٩٣ی بە سالی قەلاچۆلکردن و گواستنەوە ناساند.

لە دیموکراتییەتدا لەگەل گەشەیەکی ئابووری چاکدا، کەمایەتی و زۆرایەتی دەکرێ ژیانێکی شارستانی هاوبەش لەناو چوارچێوەی سنورێکدا بەسەربەرن و بژین، بەلام هیچ یەکێک لەو ولاتانە دیموکراتی نین کە کوردی تێدایە.

لە ولاتانی کۆمۆنیست و کاپیتالیستەکانیشدا، هەولی درووستکردنی کۆمەلگایەکی ئاسوودە بۆ هەمووان و هەر ولاتێکیش بە شێوەیەک دراوە.

ولاتە کۆمۆنیستەکان سەرنەکەوتن و روخان. قەوارەی سیاسیش پەنجە بۆ بەردەوامی ژیانی کاپیتالیزم رادەکێشێ، بەلام ئەم قەوارەیە لەگەل واقعی کۆمەلایەتی مرۆڤدا ناگونجێ و لە درزەکانی نێوان قەوارەی سیاسی و ژیانی واقعیدا، هەستی دوودلی و نائارامی پەیدا دەبێت. بێگانەکان و پەنابەرانیش بوون بە هێمای کۆنکرێتی ئەم هەرەشە زیندووەیە. دەولەت و حکومەت و دەزگاکانی راگەیاندنیش دیسانەوە بەشداری لەو رێبازەدا دەکەن کە بێگانەکان بە هەرەشەیەک دەبینن......)

## نوێنەری یەکێتی کرێکارانی سوێد LO

(سلاوێکی گەرمی خۆم و رێکخراوە کرێکارییەکەم ئاراستەی ئامادەبووانی کۆنگرەکەتان دەکەم.

LO رێکخراوێکی شۆرشگێرانەی کرێکارانە لە سوێد و لە هەمان کاتدا یارمەتیدەری هەموو شۆرشی کرێکارانی جیهانە...)

## گوتاری ABF

( سلاوی گەرمی ABF تان پێ رادەگەیەنم. دلشادی خۆم دەردەبرم بە گەشەکردن و پێشکەوتنی رێکخراوەکەتان کە سەرتاپای سوێدی گرتۆتەوە... دەمەوێ دووپاتی بکەمەوە کە ئاسانکردنەوە و یارمەتیدانی

مسەلەکەتان، ئەرکێکە لە ئەرکەکانی ئێمە...)

**پاشان (پانیلا کارلسۆن) لە رێکخراوی ئاشتی سوێدییەوە، گوتی:**
(سوپاسی بانگهێشتنەکەتان دەکەم و دەمەوێ رایبگەیەنم کە ئێمە لە رێکخراوەکەماندا گروپێکمان پێکهێناوە بە ناوی گروپی کۆنترۆل کە پەیوەندی بە کۆمەلەکانمانەوە دەکات سەبارەت بەو پرۆژە ئاوەدانیانەی کە پێکمان هێناون لە کوردستانی عێراق......).

**نوێنەری رێکخراوی SIOS: فیدراسیۆنی کۆمەلە بیانییەکانی سوێد (پێدرۆ لۆسادا) گوتی:** زۆر سوپاستان دەکەم کە ئێمە بۆمان هەبوو بێین بۆ ئێرە. یەکبوون، هێز دەبەخشێت. بۆ ئەوەی بتوانین داخوازییەکانمان لەم ولاتە داوا بکەین، پێویستە یەکبگرین...)

## وتاری فیدراسیۆنی کۆمەلە کرێکارییەکانی تورک (ئەرۆل ئایدن)



نوێنەر و مێوانانی بەرێزی کۆنگرە..
پێش هەموو شتێک، لە لایەن فیدراسیۆنی کۆمەلە کرێکارییەکانی تورکەوە، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان داواکارم.
هیوادارم کۆنگرەی ١٣ هەمینی فیدراسیۆنی کورد، ئەنجامی سەرکەوتووانەی هەبێت.
لە کۆنگرەی فیدراسیۆنی کۆمەلە کرێکارییەکانی تورک، لە مانگی پێنج دا، بەرپرسیارەکەتان (ڤیلدان تانریکولو)، گۆتارێکی دوور و درێژی خوێندەوە و تێدا ئاماژەی بۆ برایەتی کورد و تورک کردبوو وهەروەها ئەو پێویستییانەی دەستنیشان کرد سەبارەت بە هاوکاری و پشتگیری کردنی یەکترمان. جا من لێرەدا، لە ئامادەبوونی ئێوەدا دەمەوێ ئەو گۆتارە بەنرخ و بە پێزەی (ڤیلدان تانریکولو)،سوپاس بکەم.
کاتێک کە بەرپرسیاری فیدراسیۆنی کورد لە کۆنگرەی فیدراسیۆنی تورک دا، بەو رەوانییە گۆتاری خۆی بە زمانی تورکی خوێندەوە، پرسیارێکی لە مێشکی من دا دروست کرد. من دەزانم فێربوونی زمانی تورکی، عەرەبی، فارسی،لەو ولاتانەدا چەندی تێدەچێ و چۆنە، بەلام ئەوەی کە من لێرەدا دەمەوێ باسی لێوە بکەم شتێکی ترە. هەروەکو ئێوەیش دەزانن کە لە ولاتی فینلاندا کەمایەتییەکی سویدی هەیە و هەموو مافێکی کەمە نەتەوەییان هەیە، تەنانەت دەولەتی فینلاندا خوێندنی زمانی سوێدیشی لە خوێندنگایەکانی خۆیاندا

www.arsivakurdi.org

# راپۆرتێک دەربارەی کۆنگرەی ١٣ مینی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد

لە رۆژانی ٢٧-١٩٩٣/٢/٢٨دا لە هۆڵی Medborgarhuset لە شاری ستۆکهۆڵم، کۆنگرەی ١٣ هەمینی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد بەسترا.
پاش ئەوەی ناوی نوێنەران لەلایەن (ئەحمەد قەرەمووس) ئەندامی کۆمیتەی کارگێری پێشوو خوێندرایەوە بۆ کۆنترۆلکردنیان، دەرکەوت لە ١٧٥ نوێنەر ١.٧ نوێنەر ئامادەی کۆنگرە بوون و کۆنگرە دەستی بە کاری خۆی کرد.
(ڤیلدان تانریکولو) ناوی میوانە بەشدارەکانی کۆنگرەی خوێندەوە. پاشان بە سروودی ئەی رەقیب کۆنگرەکە دەستی بە کاروبارەکانی خۆی کرد و دیوان هەڵبژاردران کە بریتی بوون لە: ١- حسەن مزگین ٢- رەمزی سوێنەمز ٣- سەلیم بابان ٤- بۆنیە حسەن. پاشان دەستکرا بە خوێندنەوەی گوتاری میوانان...




## وتاری نوێنەری سۆسیال دیموکرات بیۆرن ئەندەرشۆن

(لە سەرەتادا سوپاسی بانگێشتنەکەتان دەکەم بۆ ئەم کۆنگرەیە. ئێمە بە گرنگی دەزانین کە بێین بۆ ئێرە و بەشداری بکەین و ئەو مەسەلانەش بخەینە ڕوو کە ئێمە لە لای خۆمانەوە یەکلامان کردۆتەوە.
بزووتنەوەی کرێکاری بە تایبەت لەو سەردەمەدا پێویستی بە پێداچوونەوەی سیاسەتی بیانیان و مافی پەنابەری هەیە. ئێمە لە مانگی چواردا پێشنیارێک لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو.
دەمەوێ بڵێم بزووتنەوەی کرێکاری، لە داهاتوودا ڕێبازێک ڕەچاو دەکات کە هەموو ئەو کەسانەی کە پێویستییان بە پاراستن هەیە، لە سوێددا وڵاتێکی ئازادیان هەبێت. هەروەها ئەوانەی کە ئێستا لێرەدا دەژین دیسانەوە وەکو سوێدییەک چاوی لێدەکرێ و هەرلەم بارەیەوە پەیوەندیمان کردووە بە فیدراسیۆنی بێگانەکانەوە کە ئەم کارە بەرێوە بەرین......)

## گوتاری نوێنەری پارتی مۆدێراتەکان (گۆستاف ڤۆن ئاسەن)



( ئێمە وەکو پارتی مۆدێرات، چەندین ساڵە خەباتمان بۆ یەکسانی و مافی مرۆڤ کردووە، کە مرۆڤ مافی ژیان، تایبەتمەندی، قسەکردن، نووسین، بەرێوەبردنی ژیانی خۆی بە شێوەی هەڵبژاردنی گشتی، هەبێت، بەڵام دیارە ئەم مەسەلەیە هێشتا یەکلا نەبۆتەوە نەک تەنها لە سوێد بەڵکو لە هەموو جیهان. ئەوەتا هەموو دەزانین کە لە ئەوروپادا، چەندین وڵات کەوتبوونەتە ژێر هێزی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی. ئازادی و دیموکراتی دەبێت زۆر سەقامگیرانە بهێندرێتە ئاراوە و هەردەم لەبەر چاودابێت. نەتەوەیەکگرتووەکان و ئۆرگانە نێونەتەوەییەکانی تریش رۆڵێکی گەورەیان لە هێنانەدی ئەم ئامانجەدا هەیە. مەبەستمان ئەوەیە خەڵک ئەگەرچی کەمایەتیش بن دەبێت ئەو مافە دیموکراتییانەیان هەبێت و رێزیان لێ بگیرێت لە خۆی بەرێوەبردندا، هەرچەندە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئیمکانێکی ئەوها بۆ دروستبوونی دەوڵەت بۆیان کەمتر لەبەر چاو بێت، کوردستانی عێراق هیوا و نیشانەیەکی ئەم پەرەسەندنەیە مۆدێراتەکان، بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن کە یارمەتیدەری هەموو بزووتنەوەیەکی دیموکراتی بن لە جیهاندا......)



www.arsivakurdi.org

حکومەتی بەعسی عیراق و بە چەکی کیمیایی بۆمباران کرا و خەلکی شار قڕ کرا.

١٧ی ئادار کە هیرۆشیمای کوردستانی خستە سەر لاپەرەی مێژو و نێو ئەدەبیات و فولکلۆری کوردی، کە مەنگی گۆمی بێ ویژدانی جیهانی شڵەقاند و لغاوی بێدەنگی و کڕوماتی لە لغاوەی دەوڵەتگەلی داواکاری مافی مرۆ داماڵی، کارەساتێکی خوڵقاند کە هەتا هەتایە لە بیر نەچێتەوە. بەلاّم بەداخەوە !!

ساڵوەرگەڕی هیرۆشیما هەموو ساڵێ کومیتەو کومیسیونی جیهانی بۆ ساز دەکرێن و لە سەرانسەری جیهان دەستەی نوێنەرایەتی کۆر و کۆمەلاّنی سیاسی و کولتوری و کۆمەلاّیەتی بۆ مەحکوم کردنی جنایەتی ئەمریکا لە هیرۆشیما و نیشاندانی هاو دەردی لە گەڵ پاشماوەکانی شوێنەواری چەکی ئاتۆمی روو دەکەنە ئەم ولاّتە.

بەلاّم لە نێو کورد ! ئاگام لە شوێنی تر نیە . لە سوید کە نیزیکەی ١٢ هەزار کورد دەژین و لە شاری ستوکهولم کە رەنگە کورد خۆی لە ٥٠٠٠ کەس بدات، لە رۆژی یادی هەڵەبجەی هیرۆشیمای کوردستاندا، نیزیکەی ٢٠٠ کەسێک ئەویش بە دەست پێشخەری کومیتەی سویدی، بێ بەرنامە و بلاّوک کۆ دەبنەوەو بە گۆرانیەکی هونەرمەندی کورد ناسری رەزازی، ئەویش بێ میکروفون و بە دلسۆزی خۆی، بلاّوەی دەکەن. داخوا خەڵک هەقیان نیە بپرسن ئەدی فیدراسیۆن و ١٥ حیزبی هاوکار کە خۆیان بە نوێنەری کورد دادەنێن لە کوێن؟ لە کوێن ئەو ١٥ حیزب و فیدراسیۆنە کە لە رۆژی هەڵەبجەدا خەڵک کۆ بکەنەوەو هەستی نەفرەت و بێزاری خەڵک لە جنایەتی سەدام گەرم رابگرن و بە دنیای نیشان بدەن کە هەڵەبجە لە بیر ناچێتەوە.

لە ٣١ ئاداری ١٩٤٧ پێشەوا قازی محەمەد، هەوەڵێن سەر کۆماری کوردستان، سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لە پارلمانی ئێران، حەمە حوسێنخانی سەیفی قازی وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان، لە چوار چرای مەهاباد لەو شوێنەی کە گەلی کورد لە هەر چوار پارچەکانی کوردستان دامەزرانی کۆماری کوردستانیان لێ راگەیاند بوو لە سێدارە دران.

١٣ی ئاداری ١٩٩٣ شەش فرۆکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە کوردستانی خوارو لە مەداری ٣٦، بۆمباران کرد. چەند پێشمەرگە شەهید کران و خەڵکێکی زۆریش بریندار بوون. شایانی باسە کە مەداری ٣٦ لە کوردستانی خوارو لە ژێر چەتری هێزی هەوایی دەولەتە هاوپەیمانەکاندایە. تۆ بلێی فرۆکەوانەکانی ئینگلیز و ئەمریکایی کە پارێزگاری ئەم جەغزەیان لە ئەستۆیە، لەخەو دابووبن !!؟

دیارە مانگی ئادار تەنیا رۆژی شوم وتاڵ و دژواری بۆ کورد نەبوە. لە ئاداردا گەلی کورد وەنەبێ هەر نەورۆزی کردبێ و هەڵپەڕیبێ، بەڵکوو لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانیشدا سەوکەوتنی وەدەست هێناوە.

١١ی ئاداری ١٩٧٠ رۆژێکی پیرۆزی مێژووییە. گەلی کورد لەم بەشەی نیشتماندا چۆکی بە دوژمنێکی درندە و شۆڤێنی داداو خودموختاری بەسەردا سەپاند و مەسەلەی کورد کەوتە نێو فایلە رەسمیەکانی دەوڵەت و کۆر وکۆمەڵە جیهانیەکانەوە.

سەرەتاکانی مانگی ئاداری ١٩٩١ راپەرینی جەماوەری کوردستانی خوارو و لە مێژووی کۆن و نوێی میللەتی کوردا بێ وێنەیە. لە ماوەی چەند رۆژدا ئاگری بێزاری و قینی پیرۆزی خەلکی قەلاّچۆ کراو وولاّت کاولکراو، گڕی گرت و دامو دەزگای بەعسی لە کوردستان کردە مشکی و خۆڵە مێش. لافاوی تۆڵە نیشتمانی لە پوش و پەلاّشی پیسی ڕژێمی فاشیستیو لە قەل و داڵی لاشەخۆر پاک کردەوە. تەنیا لە چەند رۆژدا شارە کانی کەرکوک و سولەیمانی و هەولێرو دهۆک و زاخۆ، رانیەو کۆ و چەمچەماڵو کەلار ئازاد کران و خەڵک دەسەلاّتی ولاّتی خۆی گرتە دەست .

هەر لە ئاداریش دا، دوای ڕاپەرینە مێژووینەکەی شارەکانی کوردستان،دوژمنی غەدارو فاشیست چونکە سەری پان نەکرا بۆوە و راپەرینەکە تەنگەبەر کراو درێژەی پێ نەدرابوو، وەک ورچی بریندار شالاّوی هێناو جارێکی تر شارەکانی کوردستان کەوتنەوە بەر پەلامار و بوو بە هۆی کارەسات و کۆڕەوی مێژوویی و ئاوارە بوونی سێ میلیون کەس کە دنیای شڵەژاندو ئیتر کۆری نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی دەسەلاّتداری جیهان نەیانتوانی لە ئاست ئەم جنایەتە بێدەنگ بن و چارەنووس و ژیانی نەتەوەیەک بە قەزاو قەدەر بسپێرن.

١٥و ١٧ی ئادار کونفرانسی نێونەتەوەیی لە ستوکهولم پێتەختی سوید بەسترا و هەنگاوێکی گرنگ بوو، بۆ باس و شیکردنەوەی مەسەلەی کورد.

لە کاتی نوسینی ئەم وتارەدا هەواڵێکی دیکەی دڵشادکەری مانگی ئادار گەیشت. ئەویش دانیشتن و بلاّوکردنەوەی بە یاننامەی هاوبەشی سکرتێری گشتی پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتیسوسیالیستی کوردستانی تورکیا بوو لە بە هەوڕا دانیشتون و لە سەر مەسەلەکانی کوردستانی تورکیا گەیشتوونە یەک. ئەمە لە کوردستانی تورکیا هەنگاوێکی مەزن و گرنگە بەرەو یەکێتی گشت هێزە سیاسیەکانی کورد لەم ولاّتەدا.

ئێمە هیوا دارین کە رۆژە خۆشەکانی مانگی ئادار بە سەر رۆژەشوم و دژوارەکانیدا بۆ گەلی کورد لە زیندەیی دابن و نەتەوەکەمان بە ئامانج و ئاواتی لە مێژینەی خۆی بگات و وەک گەلانی ئازاد و سەربەستی جیهان لە ئاسایش و هێمنیدا بژی و رێگای بوژاندنەوەو پەرە پێدانی کولتور و زمان و ئابوری و شارستانیەتی خۆی درێژە پێبدات.

www.arsivakurdi.org

# نەورۆز و ئادار

نووسینی : کەریمی حسامی



لەم جیهانەدا هێندێ مانگ و رۆژ هەن کە لە مێژووی نەتەوەکاندا بە نوختەی وەرگەران دەژمێردرێن و بۆ ئەو نەتەوەیە دەبنە رەمزو نیشانەی شادی ویا خەفەت و پەژارە. دەبنە رۆژی سەرکەوتن و یا تێشکان و نسکۆ بردن.

مانگی ئادار( مارس) بۆ ئێمەی کورد یەکێ لەو مانگانەیە کە چەند ڕوداو کارەساتی دڵتەزێن و یا رۆژی خۆشی و شادیمان وەبیر دێنێتەوە. وامان لێدەکا کە بە نوسین و کردەوەو پێداچونەوە یادیان بکەین.

رۆژەکانی مانگی ئادار لە بیر کورد ناچنەوە. هەر یەک لەو رۆژانە ، شادی بن یا خەفەت، دەوری خۆیان هەیەو بێگومان لە شوێن و جێگای خۆیاندا دەکەونە سەر لاپەرەکانی مێژوو تۆمار دەکرێن.

ئێمە لە ئاداری ئەم ساڵدا بە کورتی باسی ئەو بەسەرهاتانە دەکەین کە لە نیو سەدەی ئەم دواییەی مێژووی میللەتی کورد لەم مانگەدا روویانداوە. دوور نیە لە سەردەم و سەدەکانی رابردووی دوورتر، هەر لەم مانگەدا ، کارەسات و رۆژی مێژوویی‌دیکەش روویان دابێ.

نەورۆزا یەک لەو رۆژانەیە کە ئاواڵ دوانەی مێژووی گەلی کوردە. دەکرێ بڵێین لە وەتەی کورد هەیە بە بۆنەی دەربازبوون لە ساردو سەرمای زستان و سەر هەڵدانی بەهار و سەر وەدەرنانی نەرگس‌و گوڵە گەزیزەو ئاڵە کۆک و هاتنەوەی حاجیلە، سەرەتای وەرزی کارو کاسبی و کشت و کاڵ، ئاگری کردۆتەوەو ئەم رۆژەی کردۆتە جێژن و تا هاتوە ئەفسانەی کاوەشی بۆ داهێناوە و رەنگی سیاسیشی تێ هەڵسوە.

داگیرکەرانی کوردستان زۆر جار ویستوویانە بە بیانووی بێجێ ئەم شوێنەوارە کولتوری‌یەی کورد کوێر کەنەوە. کاتێ بە ملهوڕی و چەک بۆیان نەکراوە، پەنایان بردۆتە بەر ئایین و بە هۆی کۆڵکە مەلایان مەزەبیان بە گژ داکردوە، بە لام سەرنەکەوتوون. کورد ئەم نەریتە جوانەی خۆی پاراستوە و نەورۆزیش خۆی کردووە بە هەموو ماڵێکی کوردا و ئاگری نەورۆز بۆتە هاندەرێک بۆ ئاشتبوونەوەو یەک گرتنەوەو شایی بە کۆمەڵ لە کوردستاندا.

« ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە» بۆتە سروودی کولتووری کوردی و لەگەڵ هاتنی نەورۆز لە هەموو ماڵێک و لە گشت ئاهەنگێکدا دەنگ دەداتەوە.

بەلام لە ئاداردا رۆژی شوم وتاڵ و دژواریش خۆیان خزاندۆتە نێو لاپەرەکانی مێژووی کورد ولەوانە نین لە بیرخەڵک بچنەوە. لە یەکی ئاداری ۱۹۷۹ دڵە گەورەکەی سەرکردەی ناوداری کورد مستەفا بارزانی دوور لە نیشتمان لە لێدان کەوت کە هەموو تەمەنی پڕ لە شانازی خۆی لە پێناو ئازادی و سەربەستی گەل و نیشتماندا تەرخان کرد بوو.

لە شەشی ئاداری ۱۹۷۵ پەیمانی شومی ئەلجەزایر لە نێوان شای ئێران و سەدامی دیکتاتوری عیراق دا بەسترا. ئاکامی ئەم پەیمانە نا مقدسە، هەرەسهێنانی شۆرشی چاردە ساڵەی گەلی کورد و بە فیرۆچوونی خوێنی هەزاران رۆڵەی فیداکارو زەحمەتکێشی کوردستان بوو. ئاسۆری ئەو برینە لە جەستەی کوردستاندا ئەوەندە قوڵ و بە تەشەنا بوو کە دوای ۱۳ ساڵ لە هەڵەبجە سەری هەڵدایەوەو ئەمجارە قەلاچۆ کردنی گەلی کوردی بە دواوە بوو.

۱٦ و ۱۷ ی ئاداری ۱۹۸۸هەڵەبجەی شارەزور، شارە جوانەکەی گۆران و ئەحمەد موختار کەوتە بەر پەلاماری هێزی هەوایی

www.arsivakurdi.org



## ناوەڕۆک

### باس و لێکۆلینەوە


نەوروز و ئادار ........................ کەریمی حسامی
راپۆرتێک دەربارەی کۆنگرەی ١٣مینی فیدراسیۆن.............. بەربانگ
گوتاری فیلدان تانریکولو، بەرپرسیاری فیدراسیۆن ....................
گوتاری کاک سالار، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ....................
کورتەی گوتاری تەها بەرواری، نوێنەری بیرۆی حکومەتی کوردستانی عێراق لە سوێد ..........................................
هەڵبژاردن یان دابەشکردنی کورسییەکان ........................ شەماڵ
گفتوگۆیەک لەگەڵ: زناری خەمۆ ..............................


### ئەدەب و هونەر


ستاتوی ئەمرۆی ژنی کورد ........................ موحسین ئەحمەد عومەر
دادگا- کورتە سیناریۆیکی بێدەنگ ........................ دانا رئوف
تۆ لە خەمی پیرۆزمای ...... شیعر.......... حەمە زەکی کەریم- ماکۆس


### چاوپێکەوتن و........


چاوپێکەوتنێک لەگەڵ «تەیفور» دەرهێنەری فیلمی گەلە گورک........
پەیانگای هونەری سلێمانی ..........................................
سمینارێک لەسەر هەڵەبجە و یادکردنەوەی ..............................
لە یادی سەرۆکی بارزانی نەمر ......................................
ئاهەنگی نەوروز لە ستۆکهۆلم ........................................


وێنەکانی کۆنگرەی ١٣مینی فیدراسیۆن: شۆرش زیرەک
تابلۆی بەرگ: ئاکۆ غەریب



کۆنگرەی ١٣ مینی فیدراسیۆن
لاپەرە: 55



پەیانگای هونەری سلێمانی
لاپەرە: 36


# بــەربـانـگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد
بەرپرسیار: ویلدان تانریکولو
*دەستەی نووسەران*
بەرۆژ ئاکرەیی، دیلان دەرسیم،
جەمال باتون، مستەفا ئایدۆوان،
بویێ ئەسەر، حەمیدکلچاسلان، محەمەد هەمبێلۆ

*پیتداچن و تەکنیکاران*
دیلان دەرسیم، بویێ ئەسەر، جەمال باتون
ئابوونەی ساڵانە: ٢٠٠ کرۆنی سوێدییە
بۆ دەزگاکان ٣٠٠ کرۆنی سوێدییە



دەستەی نووسەران لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن و لەو نووسینانەی بە واژۆی خاوەنەکانیان بڵاودەکرێنەوە، بەرپرسیار نییە.



ناونیشان:
BERBANG
Box 490 90
100 28 STOCKHOLM
Tel. 08- 652 85 85
Fax. 08- 650 21 20
پۆستگیرۆ: 8-80 38 64



ژمارە ٨٨ ساڵی (١٢) ١٩٩٣

☐ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، لە ٦-٦-١٩٨١ دامەزراوە.
☐ گۆڤاری بەربانگ ژمارەی یەکەمی لە ١٩٨٢/٧دا، بڵاوکراوەتەوە.


www.arsivakurd.org



هونەرمەند: خەلیل عەبدولقادر

# بەربانگ

گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوید.

ژمارە٨٨ ساڵ «١٢»

Box 490 90, 100 28 Stockholm

B

SVERIGE
PORTO BETALT

